# ڕەنگدانەوەی
# بیری قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی لە ناو (تەفسیری خاڵ)دا
# (توێژینەوەیەکی وەصفیی شیکارییە)

پ.د.ئاراس محمد صالح
زانکۆی سلێمانی / کۆلێجی زانستە ئیسلامیەکان / بەشی بنەماکانی ئایین
araz.salih@univsul.edu.iq

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٤/٩/١٥ بەرواری بڵاوکردنەوەی توێژینەوە : ٢٠٢٥/٣/٩

**پوختەی توێژینەوە:**
ئەم توێژینەوە باس لە قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی و ڕێبازو بیری ئەو ئاراستە فکریە دەکات، هەروەها باس لە بیریاران و بڵاوکراوەو تێزە فکری و چاکسازیەکان دەکات کە چۆن لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا بڵاوبوەتەوە، هەروەها چۆن ژمارەیەک لە زانایانی جیهانی ئیسلامی بە فکری ئەو قوتابخانەیە کاریگەربوون و ڕەنگدانەوەی لەناو بەرهەمەکانیاندا هەبووە.
پاشان باس لە کاریگەربوونی مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ دەکات بە بیری قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی و ڕەنگدانەوەی بیرو ڕێبازی ئەو قوتابخانەیە لە ناو بەرهەمەکانی خاڵ بەگشتی و تەفسیرەکەی بە تایبەتی، لەهەمان کاتدا باس لە ڕێبازی خاڵ دەکات لە ڕیفۆرمی ئاینی و چاکسازی کۆمەڵایەتیدا، لە کۆتاییدا گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو.

**پێشەکی**
سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە، دوردو سڵاو و میهرەبانی خوا بۆ سەر پێغەمبەر (د.خ)، هەروەها بۆ سەر هاوڕێ و هاوەڵانی و شوێنکەوتوانی و زانایان و دانایانی ڕێگاکەی هەتا ڕۆژی دوایی.
قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، وەك شەپۆلێکی فکری و نوێخوازی لە ناو زانست و ئەدەبیاتی ئیسلامیدا دەرکەوتووە، گرنگی و کاریگەری زۆری بووەو هەیە لەسەر گەلانی موسڵمان، ئەم شەپۆلە نوێخوازە سنوری زۆربەی وڵاتانی بەزاندوەو کاریگەری دیاری لەسەر ناوەندە ئاینی و زانستی و ڕۆشنبیریەکانی ئەو وڵاتانە بەجێ هێشتوە، یەکێك لەو وڵاتانەی بیرو دیدگای ئەو قوتابخانەی پێگەیشتووە کوردستانە، مەلای گەورەی کۆیە (مەلا موحەمەد جەلیزادە 1876-1943) یەکەم زانای ئاینی کورد بووە کەوتوتە ژێر کاریگەری بیری ئەو قوتابخانەیە، لە دوای ئەو مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ 1904-1989م، وەك زانایەکی بەتوانای نوێخواز هۆگری ئەو قوتابخانەیە ئیصڵاحیە بووە، دیدوبۆچوونی زاناکانی ئەو قوتابخانەیە بە ڕوونی لەناو تەفسیرەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە، لەبەر گرنگی و پێگەی خاڵ لە ناوەندی نوێکردنەوەی گوتاری ئاینی و تەفسیری خاڵ و بیری ئەو قوتابخانە نوێخوازە، لەبەر گرنگی بابەتەکە پێویستی بەلێکۆڵینەوەی زانستی هەیە، ئەم توێژینەوە هەوڵێکە لەو ڕێگایەدا.
گرنگی توێژینەوەکە: تەفسیری قورئانی پیرۆز بە زمانی کوردی گرنگی و بایەخی زۆری هەیە، تەفسیری خاڵ یەکێکە لە پێشەنگانی تەفسیری قورئان بە کوردی، ئەو ڕێبازو قوتابخانەیە شێخی خاڵ پەیڕەوی کردووە لە نووسینی تەفسیرەکەیدا کامانەن و تا چ ئاستێک پێیان کاریگەر بووە، ئەم توێژینەوە هەوڵێکە ئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە.

sjh@univsul.edu.iq

پرسیاری توێژینەوەکە: ئایا بیری قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی چەندە ڕەنگدانەوەی لەسەر تەفسیری خاڵ هەبووە؟ ئایا شێخ موحەممەدی خاڵ کەوتوەتە ژێر کاریگەری تێزە ئیصڵاحی و نوێخوازەکانی ئەو قوتابخانە، وە تا چەند خاڵ توانیویەتی سوود لەو قوتابخانە وەربگرێت و توانیویەتی تەفسیرێکی نوێی هاوچەرخ بنوسێت و بتوانێت لە ئاست داخوازیەکانی سەردەمی کۆمەڵی کوردی و ڕۆشنبیرانی ئەو کاتەدا بووە؟ ئەم توێژینەوە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە.

**باسی یەکەم**

**قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی و ڕێبازی کارکردنی**

قوتابخانەی ڕیفۆرمی (الإصلاح) ئیسلامی وەک ئاراستەیەکی فکری و ئیصڵاحی و نوێکردنەوە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لە جیهانی ئیسلامیدا دەرکەوتووە، وەک پێویستیەکی ئەو ڕۆژگارەی ڕەوشی ئاینی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هەنگاوی ناوە، پێشکەوتنەکانی وڵاتانی ئەوروپی لە هەموو ڕووەکانی ژیانەوەو بەهۆی شۆڕشی پیشەسازی و پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژیەوە، ئەم توانا زانستی و پێشکەوتنانەو کاریگەربوونی جیهانی ئیسلامی بە پێشهاتە زانستیە نوێیەکان ڕۆڵی هەبووە لە دەرکەوتن و گەشەکردنی بیری چاکسازی و ڕیفۆرمی ئاینی و کۆمەڵایەتی لە جیهانی ئیسلامیدا.

جیهانی ئیسلامی بەهۆی ئەو دۆخە دواکەوتووە نالەبارەی تێکەوتووە توانای بەرەنگاری و هەستی ڕزگاریخوازیان نەبووە، لە دۆخێکی وەها دواکەوتوو و داگیرکاری کەسێکی وەك (جەمالەدینی ئەفغانی)[1] بانگی هۆشیاری و بەرەنگاری دا بە گوێی موسڵماناندا، بانگەوازی ئەوەی کردوون کە جارێکی تر گەلانی موسڵمان دەبێت بگەڕێنەوە بۆ لای قورئان و بە گیانێکی سەردەمیانەوە تەفسیری بکەن، ئەو کات دەتوانن خۆیان لەم داگیرکاری و پاشکۆیەتیە ڕزگار بکەن، یەکێك لەو زانا بلیمەت و هەڵکەوتوانەی کە وەڵامی جەمالەدین دەداتەوەو شوێن بانگەوازەکەی دەکەوێت (شێخ محەمەد عەبدە)[2] بووە.

ئەم دوو زانا بلیمەتە دەبنە پێشەنگ و دامەزرێنەری قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی کە داوای نوێکردنەوەی ئەدەبیات و زانستی ئیسلامی دەکرد، وە سوود وەرگرتن لە هەموو داهێنانە زانستی و پێشکەوتنەکانی سەردەمی نوێ، وە توانییان جارێکی تر جوڵەو بزاڤ و گیانی ئاینداری و هەستی گۆڕان و نوێبوونەوە بکەنەوە بە گیانی جیهانی ئیسلامیداو وریایان بکەنەوە. لە دیارترینی زانایانی

---

1- جەمالەدینی ئەفغانی: جەمالەدین صەفدەر لە ساڵی 1838ز لە ناوچەی (کنر) سەر بە شارستانی کابولی ئەفغانستان لە خێزانێکی زانستی و ئیسلامخواز لە دایك بووە، باوکی زۆر گرنگی داوە بە پەروەردەکردنی، توانا و زیرەیەکیەکی بەرچاوی هەبووە، سەردانی هیندستان و میصرو تورکیای کردوە، پاشان ڕوو دەکاتە فەرەنساو لەگەڵ شێخ محەمەد عەبدەی قوتابیدا کۆمەڵەی(العروة الوثقى) دروست دەکەن و گۆڤارێك بەناوی کۆمەڵەکەوە دەردەکەن، کە داوای ڕیفۆرم و گێڕانەوەی ئیسلام بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکەی و هۆشیارکردنەوەی جیهانی ئیسلامی دەکەن، لە 9 ئایاری 1897ز لە ئەستەموڵ کۆچی دوایی دەکات. بڕوانە: د. محسن عبدالحميد، جمال الدين الأفغاني المصلح المفترى عليه، الطبعة الأولى 1403هـ 1983م، مؤسسة الرسالة، بيروت- لبنان، ص13 وما بعدها.

2- شێخ محەمەد عەبدە: ڕابەری دووەمی ڕیفۆرمی ئیسلامی لە دوای مامۆستاکەی، محەمەد عەبدە لە ساڵی 1849ز لە خێزانێکی موسڵمان لە گوندی (نصر) لە پارێزگای(بحيرة) میصر لە دایك بووە، خوێندنی ئاینی لە گوندەکەی خۆیان دەستپێکردوە، لە ساڵی 1865دەچێتە ئەزهەری پیرۆزو لە ساڵی 1877ز بڕوانامەی باڵا لە ئەزهەر وەردەگرێت، لە ژیانیدا توشی ئاوارەیی دەبێت، دەچێتە لوبنان، دوای دەڕواتە پاریس و لەگەڵ جەمالەدینی مامۆستایدا گۆڤاری (العروة الوثقى) دەردەکەن، لە هەموو نوسنەکانیدا داوای نوێگەری و ڕیفۆرمی ئاینی وکۆمەڵایەتی دەکات، لە ساڵی 1905ز لە شاری ئەسکەندەریەی میصر کۆچی دوایی دەکات. بڕوانە: الدكتور فضل حسن عباس، المفسرون مدارسهم ومناهجهم، ص13، وما بعدها.

sjh@univsul.edu.iq

ئەو قوتابخانە نوێخوازە هەریەك لە (محەمەد ڕەشید ڕەزا)[3] و (عەبدولقادر ئەلمەغریبی)[4] و (شێخ ئەحمەد ئەلمەراغی)[5]، چەندانی تر[6]، هەروەها لە وڵاتی کوردستانیش مەلای گەورەی کۆیەو شێخ محەمەدی خاڵ بوون[7].

ئەم قوتابخانە ئیصڵاحیە داوای نوێکردنەوەی چەمکە ئاینیەکان و کردنەوەی دەرگای ئیجتیهادی کردووە، بۆ ئەم مەبەستە لەسەر چەند هێڵ و تەوەرەیەك کاریانکردووە، لایان وابووە لەم دەروازانەوە دەتوانن ڕیفۆرم و گۆڕانکاری بکەن، بۆ ئەوەی جارێکی تر ئیصڵاحی کۆمەڵ و بیری ئاینی و ناوەندە زانستییەکان بکەن[8]. پێویستە بە کورتی ئاماژە بە دیارترین هێڵ و سیماکانی ئەم قۆتابخانە ئیصڵاحیە بکەین:

یەکەم: ڕەتکردنەوەی تەقلید و ڕەوشی چەقبەستووی ئاینی: چەند سەدەیەك بووە هەموو دەرگاکانی ئیجتیهاد و نوێبوونەوە داخرابوون، زاناکانی سەردەمی نوێ هەر قسەی زاناکانی پێش خۆیان دووبارە دەکردەوەو ئەمەش گەورەترین تەنگەژەی فکری و خوێندنەوەی نوێ بۆ ئایین و هەڵکردن لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی سەردەمدا بۆ جیهانی ئیسلامی دروست کردبوو، بەجۆرێکی وەها هەندێك وەها بیریان دەکردەوە کە ئایینی ئیسلام ناتوانێت ڕووبەڕووی گۆڕانکاریەکانی سەردەم بێتەوەو چەرخی زێڕینی بەسەرچووە، هەر ئەمەش وایکرد کەزانایانی ڕیفۆرمخواز دەربکەون، هەریەك لە کەواکبی وجەمالەدینی ئەفغانی و شێخ محەمەد عەبدە و محەمەد ڕەشید ڕەزاو شێخ محەمەد مستەفا ئەلمەراغی وشێخ محەمەدی خاڵ کەوتنە هەوڵی شکاندنی دیواری تەقلید و توانیان تازە بوونەوەو گۆڕانکاری لە بیری چەقبەستووی سەردەمەکەی خۆیاندا بکەن و بە شێوەیەکی سەردەمیانە تەفسیری دەقە ئاینیەکان بکەن[9].

دووەم: ئاسانکردنی زمانی ئاینداری:  کتیبە کۆنەکانی زانستە ئیسلامیەکان بە تایبەتی تەفسیر بە زمانێک نووسراوە تەنها مامۆستایانی ئاینی بتوانن بەهرەی لێوەرگرن و بە قوتابی بڵێنەوە، ئاستەکانی خوارەوە نەیانتوانیوە لێی بەهرەمەندبن، زانایانی قوتابخانەی ڕێفۆرمی ئاینی بەلایانەوە وابووە کە تەفسیری قورئان بۆ فێربوونی زانستەکانی بەلاغەو نەحو صەرف و چیرۆکی گەلانی پێشوو نیە، بەڵکو بۆ فێربوونی واتاو مەبەستی قورئانە، بۆ ئەوەی قورئان ببێتە پێشەواو ڕێپیشاندەرو سەرچاوەی ئاینداری تاک و کۆمەڵی موسڵمانان.

مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵیش هەمان ڕێگەی گرتووەو تەفسیرەکەی بە زمانیک نووسیوە هەموو ڕۆشنبیرێک و خوێندەوارێک بتوانێت بیخوێنێتەوەو سودی لێوەرگرێت و بیکاتە سەرمەشقی خۆی، لەبارەی تەفسیرکەیەوە دەڵێت: هەموو ئایەتێک سەرەتایەکی

---

3- محەمەد ڕەشید ڕەزا: لە دیارترینی زاناکانی قوتابخانەی ئیصلاح، محەمەد ڕەشید ڕەزا لە ساڵی 1865ز لە شام لەدایك بووە، باوکی زانایەکی دیاربووە، سەرەتای خوێندنی لای باوکی بووە، لە شام شێخ محەمەد عەبدە دەناسێت و هۆگری دەبێت، دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی (العروة الوثقى) لە سەر هەمان ڕێبازی ئەو گۆڤاری (المنار) دەردەکات، لە دیارترین دانراوەکانی (تفسیر المنار)، لە ساڵی 1935ز کۆچی دوایی دەکات. بڕوانە: خيرالدين الزركلي، الأعلام قاموس تراجم لأشهر الرجال والنساء من العرب والمستعربين والمستشرقين، الطبعة السابعة 1986، دار العلم للملايين، بيروت، م6 ص126.

4- عەبدولقادر ئەلمەغریبی: لە ساڵی 1867ز لە شاری لازقیەی شام لە دایك بووە، زمانزان و ڕیفۆرمخوازی ئاینی خوێندنی لای باوکی دەستپێکردوە، لای شێخ حسێن الجسر لە بیروت درێژە بە خوێندن دەدات و لە ڕێگەی ئەوەوە ئاشنای گۆڤاری (العروة الوثقى) دەبێت دەکەوێتە ژێر کاریگەری قوتابخانەی ئیصلاح، خاوەنی(تفسير جزء تبارك)ە خاوەن قەڵەمێکی بە پێزەو لە هەموو نوسینەکانیدا داوای تازگەری ئاینی و نوێکردنەوەی کەلەپوری ئاینی دەکات، لە ساڵی (1956ز) کۆچی دوایی دەکات. بڕوانە: خيرالدين الزركلي، الأعلام، م4 ص47.

5- شێخ ئەحمەد ئەلمراغی: ئەحمەد مستەفا ئەلمەراغی لە ساڵی (1883ز) لە شارۆچکەی مەراغەی سەربە پارێزگای (صعید)ی میصر لە دایك، خێزانەکەیان خوێندەوارو زاستپەروەربووە، وەك زانایەکی بەهرەمەند لە سودان و لە میصرو لە ئەزهەری پیرۆز چەندین قوتابی پێگەیاندووە، هۆگری محەمەد عەبدە و ڕیبازە فکریەکانیان دەبێت، خاوەنی تەفسیر ئەلمراغییە، لە ساڵی (1952ز) کۆچی دوایی دەکات. بڕوانە: الدكتور فضل حسن عباس، المفسرون مدارسهم ومناهجهم، ص241، وما بعدها. والزركلي، الاعلام، م1ص258.

6- بڕوانە: الدكتور فهد بن عبدالرحمن بن سليمان الرومى، اتجاهات التفسير فى القرن الرابع عشر، الطبعة الرابعة 1423هـ 2002م، دار الرشد- الرياض، السعودية، م2ص715-717. و الدكتور فضل حسن عباس، المفسرون مدارسهم ومناهجهم، ص13، وما بعدها.

7- بڕوانە: د. ئاراس محەمەد صالح، شێخ محەمەدی خاڵ ڕیفۆرمخوازێکی سەردەمەکەی خۆی، ڕۆژنامەی یەکگرتوو، ژمارە (598) ڕۆژی (7/18/)2006 ، وە ژ()599 ڕۆژی (2006/7/25)، وە ژ(600) ڕۆژی (2006/8/1).

8 - بۆ زیاتر بڕوانە: الدكتور محمد ابراهيم شريف، اتجاهات التجديد فى تفسير القرئن الكريم، الطبعة الاولى 1429هـ 2008م، دار السلام، القاهرة، ص 107، وما بعدها.

9- بڕوانە: د.فضل حسن عباس، التفسير والمفسرون أساسياته واتجاهاته ومناهجه في العصر الحديث، الطبعة الأولى 2016م، دار النفائس، عمان، م2ص30 وما بعدها. والشيخ محمد فاضل ابن عاشور، التفسير ورجاله، الطبعة الثانية 1997م، ص197 وما بعدها.

بۆ نوسراوە کە مەبەست لە ئایەتەکە ڕوون بکاتەوە، بەجۆرێکی وا کە هەموو خوێندەوارێک تێی بگات کەچی ئەفەرموێ، وە پەیوەستی چییە لەگەڵ ئایەتی پێشوودا، لە هەمووی جوانتر ئەوەیە کە تەفسیرەکە لەگەڵ قورئانەکەدا جۆشدراوە، هەروەک تەفسیرەکە خۆی لەگەڵ خۆیا جۆشدراوە، لەگەڵ ئەمیشە بە کوردییەکی پەتی ڕەوانی وا نوسراوە، کە هەموو کەسێک تێی بگات[10].

سێیەم: پابەند نەبوون بەهیچ ڕیبازێکی فیقهی (المذهب الفقهي) دیاریکراوەوە: شوێنکەوتوانی قوتابخانەی ئیصڵاح زیاتر مامەڵەیەکی زانستی لەگەڵ ڕێبازە فیقهیەکاندا دەکەن نەک شوێنکەوتنی کوێرانە، گرنگی بەکرانەوەو بیری ئازادی ئایینی دەدەن، نەك خۆقەتیس کردن بە ڕێبازێکی دیاری کراوەوە، هەرئەمەش یەکێکە لە خاڵەکانی سەرکەوتنیان و لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا خوێندنەوە بۆ ئەدەبیاتیان دەکرێت و کەس سڵ ناکاتەوە لێیان بەهۆی جیاوازی مەزهەبیەوە، هەرئەمەش زیاتر بەرەو کرانەوەو ڕزگاربوون لە تەقلید دەیانبات[11].

چوارەم: ڕەتکردنەوەی ئیسرائیلیات خورافەو فەرمودەی زەعیف و هەڵبەستراون: خۆلادان و قوڵنەبوونەوە لە دەقە نارۆشنەکانی قورئان (مبهمات القرآن)، هەوڵی پاکردنەوەی ئەدەبیاتی ئیسلامی دەدەن لەو شتە خراپانەی کە کاریگەری خراپیان بەسەر موسڵمانانەوە بەجێهێشتووە.

بەلای شێخ محەمەدی عەبدەو زانایانی قوتابخانەکەی دوای خۆی قورئان کتێبی ڕێنمونی و شەریعەت و عەقیدەیە، خوای گەورە دایبەزاندوە بۆ هیدایەتی خەڵکی، پەیامی تەفسیریش ڕێپیشاندان و بەرنامەی ژیانی خەڵکیە، نابێت تەفسیرەکان پڕ بکرێت لە چیرۆکی بێبنەماو ئیسرائیلیات و هونەرەکانی ڕەوانبێژی و نەحو صەرف، بەڵکو دەبێت تەفسیر ئەو بۆشایی و دابڕانەی لە نێوان خەڵکی و قورئاندا دروستبووە نەهێڵێت[12].

بە پێچەوانەی تەفسیرەکانی پێشوەوە تەفسیری زانایانی قوتابخانەی ئیصڵاح و ئەوانەی تریش کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بیری ئەو قوتابخانەیە، تەفسیرەکانیان بە زمانیکی ئاسان و بەبێ قوڵبونەوە لە بابەتەکانی زمان و چیرۆکی گەلانی پێشوو نوسراون، بەشێوەیەکی وەها هەموو ڕۆشنبیرێک لێی بەهرەمەند دەبێت و لە واتاو مەبەستەکانی قورئان تێدەگات[13].

پێنجەم: ڕوونکردنەوەی مەبەستەکانی (مقاصد) شەریعەت: یەکێک لە سیما هەرەدیارەکانی ئەدەبیاتی قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی ڕوونکردنەوەو باسکردنی نهێنی و مەبەستەکانی هەموو فەرمان و دەقێک کە تەفسیری دەکەن، کاتێک باسی نوێژ دەکەن، یان زەکات، یان هەر تەشریعێکی تری ئیسلامی، ئاماژە بە نهێنی و ئامانج و مەبەستەکانی ئەو تەشریعە دەکەن، بۆ ئەوەی ئەو کەسەی کە نوێژ دەکات یان هەر ئەرکێکی تری ئیسلامی جێبەجێ دەکات بزانێت خوای گەورە بۆچی ئەو خواپەرستیەی داناوە[14].

مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ وەک یەکێک لە زانایانی قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی لە نووسینەکانیدا زۆر گرنگی دەدات بە مەبەست و ئامانج و فەلسەفەی هەر ئەرک و فەرمانێک کە ئیسلام دایناوە، لە ساڵی ١٩٣٨ دووەم بەرهەمی زانستی بریتی بووە لە کتێبی (فەلسەفەی ئاینی ئیسلام)، نووسەر لەم کتێبەدا بە وردی باسی مەبەست و فەلسەفەی هەموو بنەماو کۆڵەکەکانی ئیسلام دەکات، باس لە گرنگی و مەبەستی ئیمان و نوێژو ڕۆژو حەج و زەکات دەکات، هەروەها ئاماژە بە فەلسەفەی سزاکان و زۆر فەرمانی تری ئیسلام کردووە[15].

هەروەها لە تەفسیرەکەیدا بابەتی مەبەستەکانی شەریعەت ڕەنگدانەوەی زۆری هەیە، لە تەفسیری ئەو ئایەتانەی کە فەرمان دەکەن بە خواپەرستی و پابەندبوون بە ئەرک و فەرمانەکانی خوای گەورەوە، هەموو جارێک دەچێتەوە سەرباسی گرنگ و فەلسەفەو ئامانجی ئەو ئەرکە ئیسلامیەی کە خوای گەورە بە فەرزی داناوە لەسەر بەندەکانی[16].

شەشەم: گرێدانی زانست و بیردۆزە زانستیەکانی سەردەم لەگەڵ گیانی ئیسلامدا: هەوڵی سەلماندنی ئەوەی کە ئاینی ئیسلام دژی زانست نییە، بەڵکو ئیسلام و زانست تەواکەری یەکترن و هەردوکیان ژیانێکی پڕخۆشی بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەکەن، بەبێ زانست مرۆڤ ناتوانێت سەرزەوی ئاوەدان بکاتەوە، کە ئەرك وکاری مرۆڤەو وە هەر بۆ ئەو مەبەستەش مرۆڤ دروستکراوە، لەم بوارەدا

---

10- مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ لەسەر بەرگی کۆتایی هەموو جزمەکانی تەفسیرەکەی ئەم وتەیەی نووسیوە، بۆ نمونە سەیری بەرگی کۆتایی جزمی سیهەمی تەفسیری خاڵ بکە.

11- بڕوانە: الدکتور محمد حسين الذهبي، التفسير والمفسرون، م2ص405-406.

12- بڕوانە: الدکتور محمد حسين الذهبي، التفسير والمفسرون، م2ص407.

13- بڕوانە: د.فهد عبدالرحمن سليمان الرومي، اتجاهات التفسير في القن الرابع عشر، الطبعة الرابعة 2002م، مكتبة الروشد، السعودية، م2ص705 وما بعدها.

14- بڕوانە: عبدالله اكرزام، الفكر المقاصدي في تفسير المنار، الطبعة الأولى 2017م، المعهد العالمي للفكر الاسلامي، ص89 وما بعدها.

15- بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ، فەلسەفەی ئاینی ئیسلام، چاپی یەکەم1938، چاپخانەی ژیان-سلێمانی، ل٤ بەدواوە.

16- بڕوانە: تەفسیری خاڵ، جزمی یەکەم، ل٤٧-٤٨-٤٩.

هێندە زیادە ڕەویانکردوە هەندێك لە بیردۆزەکان کە ئەمڕۆ نازانستیان دەرکەوتووە ئەوان هەوڵیان داوەو بەڵگەی قورئانیان بۆ هێناوەتەوە کەئەمە زانستە و قورئان پشتگیری دەکات[17].

حەوتەم: هەڵکردن لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی سەردەمدا: شێخی خاڵ وە نووسەرو زانایەکی ئاینی هۆشیار گرنگی زۆریداوە بە گۆڕان و پێشهاتە تازەکان، هەریەکە لە گۆڕان و پێشهاتە سیاسی وکۆمەڵایەتی زانستی و کێشەی ژنان و لاوان جیگەی بایەخی خاڵ بون، لە هەمان کاتدا لە ناو نووسین و بەرهەمەکانیدا ڕەنگدانەوەیان هەبووەو جێگەی گرنگپێدانی بوون[18].

**باسی دووەم**

**ئاشنابوونی شێخ محەمەدی خاڵ بە ڕێبازی قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی**

مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ هەر لەسەرەتای سییەکانی سەدەی بیستەم و بە وردی لە ساڵی ١٩٣٢ لە ڕیگەی خوێندنەوەی گۆڤاری (العروة الوثقی)ەوە ئاشنایەتی لەگەڵ قوتابخانەی ئیصلاح پەیداکردوەو ئەو قوتابخانە نوێخوازە کاریگەری گەورەو دیاری لەسەر دنیابینی و پێکهاتەی ڕۆشنبیری و زانستی خاڵ هەبووە، هەتا وەك زانایەکی ڕیفۆرمخواز بێتە جیهانی نووسین و خوێندەنەوەو ڕۆشنبیریەوە[19].

شێخی خاڵ لە نوسینێکدا دەربارەی جەمالەدینی ئەفغانی و گۆڤارەکەی (العروة الوثقی) دەڵێت: (گۆڤاری (العروة الوثقی) لە ماوەیەکی کەما بیروباوەڕی زۆر لە خوێندەواران و زانایان و دانایانی گۆڕی، وە زۆر نووستووی بێدارو مردووی زیندووکردەوە، کە یەکێکیان زانای بەناوبانگ سەید محەمەد ڕەشید ڕەزای خاوەنی تەفسیرو گۆڤاری (المنار)ـە وە خۆی لە کتێبی (تاریخ الأستاذ الإمام الشیخ محمد عبده) باسی ئەکات، وە یەکێکی تریان خۆمم، کە لە ساڵی (1932) دانەیەکم لە ژمارەکانی (العروة الوثقی) دەستکەوت، کە وەك کتێب لە چاپ دراون لە (528) لاپەڕەدا، وە بەخوێندنەوەی پەردە لەسەر چاو و دڵم لاچوو، وە لەبارێکەوە کەوتمە بارێکی تر)[20].

وەك خۆی ئاماژەی پێکردووە لەسەرەتای تەمەنی زانستییەوە کە ساڵی (1932) هۆگرو ئاشنای نووسین و ئەدەبیات و مەنهەجی ئیصڵاحی قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی دەبێت و گۆڤاری (العروة الوثقی) کاریگەری گەورەو بەرچاو لەسەر شێخی خاڵ دروست دەکات و هەر لە ژێر کاریگەری ئەو قوتابخانەدا ڕوو دەکاتە دنیای ڕۆشنبیری و زانستی و نوسینی تەفسیری قورئانی پیرۆز، بەتایبەتی لەو سەردەمەدا کە کەسانی ئاینی و ناوەندە ئاینیەکانی کوردستان تەواو داخراو دواکەوتووبوون زۆر بێئاگاو دابڕاو بوون لە جیهانی ڕۆشنبیری و بیری نوێگەری و هەڵکردن لە گەڵ جیهانی نوێ و گۆڕانکاریەکانیدا.

مامۆستا خاڵ لە دیدارێکدا ئاماژە بەکاریگەری قوتابخانە و فکری جەمالەدینی ئەفغانی دەکات لەسەر هزرو بیرکردنەوەی و دەڵێت: بێگومان هەموو ئادەمیزادێکی ڕێك و ڕاساڵ گەلی خۆی خۆش ئەوێ وە حەز بە سەربەرزی ومانەوەی ئەکا، بەڵام هۆی بنەڕەتی کاریگەری لە جیهانی ڕۆشنبیری مندا نووسینەکانی(جمال الدین)ی ئەفغانی بوو کە یەکەم بڵێسەی ڕوونکردنەوەی بیرم بوو، چ لە گۆڤاری (العروة الوثقی)دا یان وتە جەمالیەکانی کە بە فارسی ئەینووسین لەو وتارانەدا بەرچاوم کەوت کە زمان گیانی میللەتە، کە زمان بوو گەل هەیە، کە نەبوو نیە، ئەو دوو ڕستەیە ڕایان چەڵەکانم و بێداریان کردمەوە تا ئەو کاتەش ئێمە خاوەنی فەرهەنگ نەبووین، بەو شێوەیە گۆڤاری (العروة الوثقی) کە جەمالەدین بەڕێوەبەری بوو وە شێخ محەمەد عەبدە سەرنووسەری بوو وە بۆ دەرکردنی شوقەیەکیان لە پاریس گرتبوو هەوێنی بزوتنەوەی ڕۆشنبیریم بوو، وەکو هەزارانی وەك منی بێدارکردبووەوە، گۆڕانێکی هێنا بەسەر هەست و بیرما کە چۆن سوود وەرگرم و سوود ببەخشم[21].

---

17- بۆنمونە سەیری تەفسیری ئایەتی: [أَلَمْ تَرَوْا كَيْفَ خَلَقَ اللَّهُ سَبْعَ سَمَوَاتٍ طِبَاقًا] ئایەتی15 سورەتی نوح. بکە، تەفسیری خاڵ، جزمی 29 ل 148 بەدواوە بکەو وە لەزۆرجیگای تردا.

18- بروانە: الدکتور محمد حسین الذهبي، التفسیر والمفسرون، م2 ص 479-480-481، بکە.

19- بڕوانە: د. ئاراس محمد صالح، شێخ محەمەدی خاڵ زانایەکی نوێخوازی سەردەمەکەی خۆی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە 129 خولی سێیەم، ساڵی دوازدە، شوباتی 2008 ز.

20- بڕوانە شێخ محەمەدی خاڵ، ناڵەی دەروون، چاپی یەکەم 2007 ز، چاپخانەی دەزگای ئاراس- هەولێر، ل 294.

21- محەمەد صالح مەلا حەسەن، دیدارێك لەگەڵ شێخ محەمەدی خاڵ، ڕۆڤار، بڵاوکەرەوەیەکی ڕۆشنبیریە دەزگای سەردەم دەریدەکات، شێخ محەمەدی خاڵ مونەوەرێکی گەورەو چراخانێکی زمانی کوردی، ژمارە 29، 2004/4/25 ز، ل 72.

لێرەدا شێخی خاڵ بە ڕاشکاوی باس لەوە دەکات کە بەهۆی کاریگەری بیری قوتابخانەی ئیصڵاحەوە ڕوو لە نووسین جیهانی ڕۆشنبیری دەکات و بیری ئەو قوتابخانەیە لە بێئاگایی بێداری دەکاتەوە، بە تایبەتی لەو کاتەدا کە ناوەندە ئاینییەکان تووشی داخران و دابڕانێکی زۆر گەورە بوو بوون لە جیهانی نوێخوازی و ڕۆشنبیری.

لە دیدارێکی تردا شێخی خاڵ کاتێك پرسیاری لێدەکەن چۆن بوو لەسەرەتای تەمەنەوە ڕووتان لە دنیای ئەدەب و نووسین و وەرگێران کردووە؟: لە وەڵامدا دەڵێت: لەسەرەتاوە خۆم زۆرم حەز بە خوێندن و نووسین دەکرد و زۆربەی ئیلهامەکانم لە سەید جەمالەدینی ئەفغانییەوە وەرگرتووە، چونکە بەردەوام دەمخوێندەوە، کە لە وتەیەکدا دەڵێت: (هەر گەلێك فەرهەنگی نەبێت گەل نییە) هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە دەستم بە وشە کۆکردنەوە کرد و (فەرهەنگی خاڵ)م بەرهەم هێنا[22].

شێخی خاڵ لە دوای وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی دەست دەکات بە دەورکردنەوەو خوێندنەوەی دانراوەکانی شێخ محەمەد عەبدەی ڕێبەری قوتابخانەی ئیصڵاحی ئیسلامی و بۆچوون و بیری ئەو زانا گەورەیە کاریگەری گەورەو گۆڕانێکی زۆریان لە دیدوبۆچوون و بیرکردنەوەو بەرەو پێشبردنی ئاستی ڕۆشنبیری خاڵ کردوەو وەرچاخانێکی گەورەیان لە ڕێڕەوەی فکری مامۆستا خاڵدا دروستکردوە[23].

هەرچەندە تەفسیری خاڵ لەسەر هەمان ڕێبازی قوتابخانەی ئیصڵاح نوسراوەو لە زۆربەی لاپەڕەکانیدا ئاماژە بە موفەسیرەکانی وەك شێخ محەمەد عەبدەو محەمەد ڕەشید ڕەزاو شێخ ئەحمەدی مەراغی و عەبدولقادری مەغریبی و سەید قوتب دەکات، کە لە موفەسیرە پێشەنگ و دیارەکانی قوتابخانەی ئیصڵاحن، بەڵام خۆشی ئاماژە بەوە دەکات کە تەفسیرەکەی لە سەر ڕێبازی شێخ محەمەد عەبدە نووسیوەو دەڵێت: لە ساڵی (1933) جزمی عەممەمان بەکورتی و بەکوردی تەفسیر کرد لەسەر ڕێبازی خوالێخۆش بوو شێخ محەمەد عەبدە، وە هەر ئەم جزمەمان بۆ جاری دووەم تەفسیر کردەوە لە ژێر ناو نیشانی (تەفسیری خاڵ)دا لەگەڵ جزمەکانی تری قورئاندا[24].

شێخی خاڵ بە ڕاشکاوی باس لەوە دەکات کە یەکەم تەفسیر نووسینی کە لە سەرەتای تەمەنی نووسین و پێگەیشتنیدا بووە هۆگرو ئاگاداری قوتابخانەی محەمەد عەبدە بووە، لەسەر ڕێبازی ئەو تەفسیرەکەی نووسیوە، ئەمەش بەڵگەی هۆشیاری و بیرفراوانی شێخی خاڵ بووە، کە لە سەردەمێکی وەهادا کە سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوە، بە تایبەت لەو کاتەدا کوردستان لە ژێر جەوری نەزانی و نەخوێندەواری و هەژاریدا نالاندویەتی و ناوچەیەکی دابڕاو بووە لە جیهانی ڕۆشنبیری و کرانەوە، بە تایبەت ناوەندە ئاینی و حوجرەکان ئەو کرانەوەو تێکەڵاو بوون بە جیهانی ڕۆشنبیریەیان بەلاوە حەرام و خراپ بووە، لەوانەیە هەتا ئێستاش زۆرێك لە پیاوانی ئاینی و ناوەندی ئاینی داخراوی کوردستان ئەو بۆچوونانەیان پێ قبوڵ نەکرێت و ئاگایان لە دیدو بۆچوونە ڕۆشنگەرو نوێخوازەکان نەبێت، کە نزیکەی یەك سەدە پێش ئێستا شێخی خاڵ ئیلهامی ڕۆشنبیری و بیری نوێکردنەوەی ئاینی لێوەرگرتووە.

**باسی سێیەم**

**ڕەنگدانەوەی بیری قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی لە ناو تەفسیری خاڵدا**

شێخی خاڵ هەر وەك خۆی ئاماژەی پێکردوە لە ژێر تین و تەوژمی قوتابخانەی ئیصڵاحدا قەڵەمە بە پێزەکەی کەوتووتە داهێنانی گەورەو هەر لەو گۆشەنیگایەوە تەفسیری خاڵی بەهەرمهێناوە، شێخی خاڵ وەك بیریارێکی پابەند بەو قوتابخانە فیکریەوە تەواو وەك موریدێکی دڵسۆز بیردۆزەو بۆچوونەکانی ئەوانی گواستوەتەوە ناو تەفسیرکەی بە داڕشتنێکی کوردی ڕەوان کوردانەویەتی، لێرەوە خوێندنەوەیەکی ورد بۆ لاپەڕەکانی تەفسیری خاڵ دەکەین و بەراوردێکی دەکەین لەگەڵ تەفسیرە دیارەکانی قوتابخانەی ئیصڵاح هەتا بزانین تا چ ئاستێك ئەدەبیاتی ئەو قوتابخانەیە ڕەنگدانەوەی هەیە لەناو تەفسیری خاڵدا:

یەکەم: نووسینی تەفسیری قورئان بە کوردی: شێخی خاڵ بە تەفسیری قورئان دەستی بەکاری نووسین و چاکسازی کردووە، چونکە قورئان یەکەم سەرچاوەی ئاینداری موسڵمانانەو ئەگەر توانرا گۆڕان لە تەفسیرو تێگەیشتنی قورئاندا بکرێت و گرێبدرێت بە واقیعی موسڵمانانەوە، ئەو کاتە بە ئاسانی گۆڕان لە بۆچوون و بیرکردنەوەی موسڵماناندا دەکرێت و ئەو زانست و گۆڕانانەی سەردەم لە ڕێگەی بەڵگەی قورئانەوە لای موسڵمانان پەسەند دەکرێت، وەك ئەرکێکی ئاینی سەیری بکەن و هەوڵی بۆ بدەن[25].

---

22- محەمەد صالح مەلا حەسەن، دیدارێك لەگەڵ شێخ محەمەدی خاڵ، ڕۆڤار، ل69.

23- بڕوانە: کەمال ڕەئوف محەمەد، چەپکێ نامەی مێژوونووسێکی کورد، گۆڤاری کاروان، ژمارە 35 ئابی 1985ساڵی سێیەم، ل 95.

24- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 73.

25- یەکەم بەرهەمی شێخ محەمەدی خاڵ، تەفسیری جزمی عەممە بووە، لە ساڵی ١٩٣٥ چاپی کردووە.

شێخی خاڵ تەفسیرەکەی بە شێوەیەکی ئەدەبی زۆر بەرز نوسیوەو ئاماژە بە کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریەکان دەکات، وە هەموو ئەو بیردۆزە زانستیانەی ئەو کات باو بوون زۆرێکیانی لە ناو تەفسیرەکەیدا باسکردوەو بانگی موسڵمانان دەکات بۆ نوێبونەوەو بەدەست هێنانی زانست و زانیاری و ئەدەب و مەعریفەی بە سود[26].

دووەم: بەسەنتەرکردنی عەقڵ لەناو تەفسیری خاڵدا: وەك پێشتر باسمان کرد قوتابخانەی ئیصڵاح داوای گێرانەوەی بەهاو جێگای عەقڵ دەکەن بۆ ڕاڤەکردن و وردبوونەوە لە دەق و فەرمانە ئاینیەکان و ڕایان وایە نابێت کوێرانە ئاینداری بکرێت و زانایانی پێشوو چیان فەرموە ئێتر موسڵمان کوێرانە دوای نەکەوێت و دەبێت عەقڵ و ژیری بخاتە کارو بە شوێن حیکمەت تەفسیری نوێدا بگەڕێن و لەگەڵ گیانی سەردەمدا پێکەوە گرێیان بدەن.

بەڵام هەتا ئێرە کێشە نییەو هەموان دەڵێن دەبێت عەقڵ و نەقڵ تەواوکەری یەکتر بن هیچیان بێ ئەوی تریان ناتوانن ئامانجی خۆیان بهێننەدی، قوتابخانەی ئیصڵاح لەوە زیاتر دەڕۆن لەهەندێك شوێندا پەنا بۆ عەقڵ دەبەن کە عەقڵ ناتوانێت زۆر ڕۆڵی هەبێت و لەوانەیە هەندێ جار پێچەوانەی ڕای زۆرینەی زانایانی ئیسلام بێت و هەندێ جار پێچەوانەی دەقی فەرمودەی پێغەمبەر(د.خ) بێت، یەکێك لەو جێگایانەی کە شێخ موحەممەد عەبدە تەفسیری عەقڵانی بۆ دەکات مەسەلەی ئادەم و حەواو ئەو بەهەشتەی چوونە ناوی و لێی دەرچوون، شێخ موحەممەد عەبدە دەفەرموێت مەبەست لە بەهەشت باخێکە لە دنیاداو بەهەشتی هەقیقی نییە کە لەڕۆژی دوایدا خوای گەورە ئامادەی کردووە بۆ چاکەکارانی[27].

لەو واقیعەدا زانایانی قوتابخانەی ئیصڵاح کەوتنە هەوڵی بەرگری لە ئیسلام و گرێدانی لەگەڵ زانستی سەردەم لەلایەك و پاکردنەوەی زانست و ئەدەبیاتی ئیسلامی لە خورافە و ئیسرائیلیات وبیری پڕوپوچ، وە لە ژێرکاریگەری زانستی سەردەمدا زۆرجار هەوڵیانداوە تەفسیری عەقڵانی (التفسیر بالرأی) بۆ چەمکە قورئانیەکان بکەن هەتا زیاتر لە زانستی نوێی نزیك بکەنەوە، هەر لەو میانەشدا تەفسیری عەقڵانی بۆ ئایەتی دروستبوونی ئادەم و حەواو ئەو بەهەشتە دەکەن کە لە ئایەتەکەدا هاتووە بێگوێدانە ئەو ڕیوایەت و ئەسەرانەی لەو بوارەدا هاتوون[28].

شێخی خاڵیش وەك هۆگرێکی دڵسۆزی ئەو قوتابخانەیە هەمان تەفسیری شێخ موحەممەد عەبدە نەقڵ دەکات و لەتەفسیری ئایەتی: **[وَقُلْنَا يَا آَدَمُ اسْكُنْ أَنْتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ][29]** لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا شێخی خاڵ تەفسیری عەقڵانی دەکات بۆ ئایەتەکەو ناگەڕێتەوە بۆ ئەو فەرمودەو ڕیوایەتانەی لە تەفسیری ئایەتەکەدا هاتوون، یان ڕای زۆرینەی زانایانی ئیسلام، لەدوای نەقڵکردنی بۆچونەکانی (ئەبومەنصوری ماتوریدی)[30]و شێخ موحەممەد عەبدە خۆشی ڕای وایە کە ئەو بەهەشتەی ئایەتەکە باسی دەکات و خوای گەورە بە ئادەم و حەوا دەفەرموێت تێدا نیشتەجێ بن باخێکە لەسەر زەوی و (الجنة) لە زمانی عەرەبیدا بە واتای باخوباخات دێت و لێرەدا دەیەوێت لەڕێگەی تەفسیری زمانەوانیەوە بۆچوونەکانی بەهێز بکات[31].

شێخ محەممەد عەبدە لە باسی مەلائیکەتدا بۆ ئەوەی زیاتر لە جیهانی مادە و زانستی ئەزمونگەرایی (العلوم التجريبية) نزیك بکاتەوە تەفسیرێکی عەقڵانی مادی ڕووت بۆ مەلائیکە دەکات دەڵێت: مەبەست لەو فەرمودانەی کە ئەفەرمون فریشتە تەرخانکراون هەر دەستەی بۆ کارێك، لە رواندنی گیاو دروستکردنی گیانلەبەرو چاودێری ئادەمی، مەبەس ئەوەیە کە ڕووان و باڵاکردنی گژوگیا بەهۆی گیانێکی تایبەتیەوەیە کە خوا کردویەتی بە بەر دەنکی تۆوەکەدا، ئەو ژیانەی بەهۆی ئەو گیانەوەیە، وە هەر بەو ڕەنگە لە گیانلەبەرو ئادەمیشا، کەوابوو هەرچی شتێك کە دەستورێکی تایبەتی ببێ، وە بەهۆی ئەو دەستوورەوە پەیدا ببێ و پایەدار بێ، ئەوە

---

26- بڕوانە: تەفسیری خاڵ، جزمی (تبارک) ۲۹، ل۳ بەدواوە.
27 - محمد فاضل ابن عاشور، التفسير ورجاله، ص150 وما بعدها.
28- بڕوانە: محمد رشيد رضا، تفسير القرآن العظيم المشهور بتفسير المنار، تحقيق ابراهيم شمس الدين، الطبعة الأولى 1420هـ 1999م، دار الكتب العلمية، بيروت- لبنان، م1 ص228-229.
29- سوره البقرة، الآيه:35.
30- ئەبو مەنصوری ماتوریدی ناوی محەممەدی کوڕی محەممەد کوڕ مەحمودی ماتوریدی سەمەرقەندیە، ماترید گەڕەکێکی سەمەرقەندە، داڕێژەری عەقیدەی ماتوریدیە بە بەڵگەی عەقڵی و نەقڵی، لە خێزانێکی زانستی و ئاین پەروەردا لە دایك بووە، وەك زانایەکی (علم الكلام) ناسراوەو بە ئیمامی ئەهلی کەلام ناو دەبرێت، لە بوارەکانی (علم الكلام) و (اصول الفقه) و تەفسیردا دانراوی هەیە، لە کتێبەکانی: (التوحيد) و (المقالات) و (الرد على القرامطة) و (بيان وهم المعتزلة) و (مأخذ الشرائع على أصول الفقه)، وە لە تەفسیردا(تأويلات أهل السنة) نوسیوە، لە ساڵی 333 ك کۆچی دوایی کردوە. بڕوانە: الزركلي، الأعلام، م 7 ص19.
31- بڕوانە: شێخ محەممەدی خاڵ، تەفسیری خاڵ، چاپی یەکەم 1389ك 1969ز، چاپخانەی ئەسعەد- بغداد، ج1ل104 و بەدواوە.

گیانێکە لەلایەن خواوە کە بە زبانی شەرع پێ ئەڵێن فریشتە، وە ئەو کەسەی دان بە فریشتەشا نانێ پێ ئەڵێ هێزی سروشتی[32]. ئەمە بۆچوونی شێخ محەمەد عەبدەیە دەربارەی مەلائیکە و شێخی خاڵ نەقڵی کردوەو پشتگیری بۆچوونەکانی دەکات[33].

لێرەدا شێخ موحەمەد عەبدە سونەتی گەردوونی خوایی(السنن الإلهية) تێکەڵ دەکات لەگەڵ بونەوەرێکی خوای گەورەدا کە مەلائیکەیە، بەڵام ئەوانە دوو شتی جیاوازن و مەلائیکەت دروستکراوێکی خوان و فەرمان لەخواوە وەردەگرن و هەریەکەو بۆ کارو ئەرکێك ڕاسپێراوە، سونەتە خواییەکان لە گەردووندا ئەو شتە نەگۆڕانانەن لە یاسای گەردوندا کە ناگۆڕێن، وەك ئەوەی تۆوی گژوگیا بە باران و ئاو سەوز دەبێت و مرۆڤ هەتا ژن نەهێنێ منداڵی نابێت و ئاگر شت گەرم دەکات و ئاو تینویەتی دەشکێنێت.. هتد. شێخی خاڵیش هەمان ڕێبازو بۆچوونی ئەوی نەقڵ کردوەو پشتگیری دەکات.

سێیەم/ گەڕانەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکانی ئیسلام: شیخی خاڵ لە نووسینەکانیدا داوای پاکردنەوەی ئاینداری دەکات لە هەموو ئەو شتە خراپ و نابەجێیانەی تێکەڵاوی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بووە، بیریارانی قوتابخانەی ئیصڵاح زۆر دژی ئیسرائیلیات و بیری خورافەو فەرمودەی زەعیف و هەڵبەستراون، وە خۆیان بە موبهەماتی قورئان (مبهمات القرآن) وە سەرقاڵ ناکەن و جێگەی گرنگی پێدانیان نییەو هەوڵی پاکردنەوەی ئەدەبیاتی ئیسلامی دەدەن لەوشتە خراپانەی کە کاریگەری خراپیان بەسەر موسڵمانانەوە بەجێهێشتووە[34].

ئاینداری لە کوردستانیشدا توشی وەستان و دۆگمابوون هاتبوو، وە زۆر گەردوو تۆز لەسەر چەمکە ئاینیەکان نیشتبوو، شتی خورافەو دوور لە جەوهەری ڕاستی قورئان تێکەڵ بە ئاینداری موسڵمانان بووبوو، ئەم بارە نالەبارە تەنانەت بواری عەقیدەشی گرتبوەوە، بۆیە شێخی خاڵ زۆر دانایانەو بە لێزانی دەیەوێت ئەو چەمکانە ڕاستبکاتەوەو خەڵکیش نەوروژێنێت وکارەکە لە خۆی تێك نەدات، بۆ نمونە لە تەفسیری ئایەتی: [وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ][35] دەفەرموێت: (خوای گەورە نزای نزاکەران وەردەگرێت کاتی بانگی بکەن، واتە لە ناوەندی خواو بەندەکانیدا پێویست بە میانگیری(وساطة) نییە، لە پێغەمبەران و پیاوچاکان، بەمەرجێك هەر خوا بناسن، وە هاوبەشی بۆ پەیدا نەکەن لە دارو بەردو گۆڕو پیرو قسن و جێ نزرگە، وە هەرچی داوا دەکەن با بەدڵ لە خوای داوا بکەن)[36].

لەو کاتەدا شێخی خاڵ ئەم تەفسیرەی نوسیوە لەسەر مەنهەجی هاوەڵانی پێغەمبەر (د.خ) وێنای دین و تەفسیری زانستی چەمکە ئاینییەکان شێوێنراوەو خەڵکێکی زۆر باوەڕیان بە قەبرو پیرو نوشتەو ئەو جۆرە شتانە هەبووەو خەڵکی بێئاگا بوون لە عەقیدەی دروستی ئیسلامی لەسەر مەنهەجی پێشینی ئومەتی ئیسلام، بەڵام مامۆستا خاڵ وەك زانایەکی خوێندەوارو هۆشیار موسڵمانان لەو شتە نادروست و نابەجێیانە ئاگاداردەکاتەوەو بانگیان دەکات بۆ سەر ڕێبازی ڕاست و دروستی قورئان و هیچ سڵ ناکاتەوە لە دۆخە پاشکەوتووەی تێدا ژیاوەو زۆر ئازایانە دژایەتی دەکات، وە داوای ئیصڵاح و پاکردنەوەی عەقیدەی ئیسلامی دەکات، بانگی موسڵمانان دەکات بۆ عەقیدەیەك هەڵقوڵاوی قورئان و سونەتی ڕاستی پێغەمبەر(د.خ) بێت.

هەروەها لە تەفسیری ئایەتی: [وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا][37] دەفەرموێت: (بلێ: سروشم بۆکرا، کە مزگەوتان بۆ خوان، پێویستە هەر خواپەرستیان تیابکرێ، وە نە ئەبێ ڕەسم وبتیان تیا هەڵواسرێ، وە نەکڕین فرۆتن، یا درووومان و ئیش وکاریان تیا بکرێ، یا پرسەو (تعزیە) و کۆڕی قسەو گفتوگۆیان تیا بگیرێ، یا مردوویان تیا بنێژرێ، لەبەر ئەمە لەشەرعی ئیسلاما مزگەوت و قەبر کۆنابنەوە، واتە کامیان بەسەر کامیانا چووبێ ئەبێ بروخێنرێ: [فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا] لەگەڵ پەرستنی خوادا کەسی تری تیا مەپەرستن و هاواری لێ مەکەن، چونکە هەر خوایە کە بتوانێ بە دەنگ بەندەکانی خۆیەوە بێ، کەسی تر ناتوانێت بەدەنگ کەسەوە بچێ)[38].

لەسەدەی ڕابردوودا کە سەردەمی شێخی خاڵە، کوردستان کەوتبووە ژێر هەژموونی بیری دواکەوتووی دەروێشایەتی و بیری پروپوچ و دوور لە هەقیقەتی ئیسلام، هاوارکردن لە مرۆڤەکان بەناوی نوێنەری ئاین و میانگیری لە نێوان خواو بەندەکاندا و پیس و پۆخڵی و گرنگی نەدان بە ژیان و بەکارهێنانی مزگەوتەکان بۆ ئەو بیرە پاشکەوتووەو مۆدێلی ناشتنی مردوو لەناو مزگەوتدا بەناوی ئەوەی کابرای مردوو خۆی مزگەتەکەی دروستکردوەو چەندان کاری ناڕەوای تر کە هێنراونەتە ناو مزگەوت، شێخی خاڵ زۆر بەتوندی دژایەتی ئەو ڕەوشە دواکەوتووەی کردوەو داوای ئیصڵاح و چاکسازی کردوە، وە ئەم کارەش پێویستی بە جورئەت

32- ینظر: محمد رشيد رضا، تفسير المنار، ج1 ص 222.

33- بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ، تەفسیری خاڵ، ج1 ل 102-103.

34- الدكتور محمد حسين الذهبي، التفسير والمفسرون، م2ص437.

35- سورة البقرة، الآية: 186.

36- بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ، تەفسیری خاڵ، جزمی دووەم، ل 66-67.

37- سورة الجن، الآيه:18.

38- بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ، تەفسیری خاڵ، چاپی یەکەم، 1986چاپخانەی (الحوادث) بغداد، جزمی بیست ونۆهەم، ل 185.

و ئازایەتیەکی زۆر بووەو لەو کات و سەردەمەدا، تەنها مەگەر زانایانی خاوەن عەزیمەت بتوانن ئەو وەزعە بگۆڕن و سڵ لە هیچ و کێشەو بەربەستێك ناکەنەوەو وە مێژووی زانایانی خاوەن هەڵوێست لەم بوارەدا پڕشنگدارەو هەر یەك لە سەعیدی کوڕی جوبەیرو ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و ئیبن و تەیمیە و چەندانی تر نمونەی ئەم هەڵوێستە ئازایانەن[39].

چوارەم: تەفسیری زانستی بۆ قورئان: زانایانی ئیصڵاحی ئیسلامی هەوڵیانداوە بۆ پێکەوە گرێدانی زانست و بیردۆزە زانستیەکانی سەردەم لەگەڵ گیانی ئیسلامداو هەوڵی سەلماندنی ئەوەی کە ئاینی ئیسلام دژی زانست نییە، گرێدانی تەفسیری ئایەتەکانی قورئان لەگەڵ داهێنانە زانستیە نوێیەکانی سەردەم و ئەو پێشکەوتنەی ژیانی مرۆڤایەتی بەخۆیەوە بینیوە لە سەردەمی نوێدا یەکێکی ترە لە تایبەتمەندیەکانی قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی.

شێخی خاڵ لە تەفسیرەکەیدا هەمان ڕێبازی شێخ محەمەد عەبدە و هەوادارانی ئەوی گرتووەو زۆر بە چڕی باس لە بیردۆزە زانستیەکانی سەردەم دەکات و لەگەڵ ئایەتەکانی قورئاندا دەیانگونجێنێ، لەبەرگی یەکەمی تەفسیرەکەیدا باسێکی درێژی لەسەر ئیعجازی قورئان نوسیوەو باس لەوە دەکات کە ئیعجازی قورئان لە گەلێ ڕووەوەیە، وەك لایەنی وێژەو ڕەوانبێژی و هەواڵی کۆن کەلەپێش هاتنە خوارەوەی قورئان ڕوویانداوە، وە هەواڵی داهاتوو کە دوای هاتنەخوارەوەی قورئان ڕوویانداوە، وە باس لە ئاماژە زانستیەکانی قورئان دەکات وەك دروستبوونی گەردوون و یەك پارچەبوونی لە پێشداو دوای تەقیوەتەوەو گەردوونی لێدروستبووە، وەباس لە خڕی زەوی سوڕانەوەی بەدەوری خۆرداو وردکردنی زەرەو نێرومێ لە هەموو شتێکداو موتوربەکردنی هەورو هێزی کێشندەو چەندان بیرۆدۆزەی تری زانستی، وە هەمان ئەو بۆچوون و نووسینانەی خاڵ لە تەفسیری (المنار) هاتووە[40]. شێخی خاڵ لەوێوەوە وەریگرتووەو لە ژێرکاریگەری ئەواندا لەو باسەدا ڕۆچووە.

شێخی خاڵ هەندێك بیردۆزەو بۆچوونی لە ناو تەفسیرەکەیدا هێناوە کە ڕەنگە ئەو بیردۆزانە لە کاتی ئێستادا ئەو گرنگیەیان نەبێت و زانستی بوونی خۆیان لەدەست دابێت، وەك لە تەفسیری ئەو ئایەتانەی باس لە حەوت ئاسمان دەکەن، ئەو وای دادەنێت کە ئەوە حەوت ئەستێرەن کە بە حەوتەوانەی گەرۆك ناسراون، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەو ژمارەیە گۆڕاوەو لە حەوت تێپەڕی کردوەو لەوانەیە لە داهاتوودا زۆر زیاتر بکات[41].

شێخی خاڵ لە تەفسیری سورەتی(الفیل)دا لە باسی لە ناوچوونی سوپاکەی ئەبرەهەدا هەمان ڕێچکەی شێخ محەمەد عەبدەی گرتووە[42]، هەوڵ دەدات لە موعجیزەی خوای گەورە ڕاکات و وا پیشان بدات ئەو سوپایە بە نەخۆشی ئاوڵە لە ناوچوون و وە زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێت: شێخ محەمەد عەبدە وا دەڵێت[43]. بەڵام ئایەتەکە زۆر ڕاشکاوە تەئویل هەڵناگرێت و خوای گەورە پۆلە باڵندەی ناردووە بە بەردی گڵین بەرد بارانیان کردن:[ تَرْمِيهِمْ بِحِجَارَةٍ مِنْ سِجِّيلٍ][44] ئیتر چ پێویست دەکات تەئویل بکرێت بۆ نەخۆشی ئاوڵە، خوایەك بتوانێت بە نەخۆشی ئاوڵە گەلێك لە ناو بەرێت، بێگومان دەتوانێت بە پۆلە باڵندەش بەردبارانیان بکات و لەناویان بەرێت، وە زۆر موعجیزەی لەمە گەورەتر لە قورئاندا باس کراوە، گەل هەبووە بەسەرماو باران لە ناو چوون هەبووە بەناخی زەویدا چووەتە خوارەوە.

**باسی چوارەم**

**ڕێبازی شێخ محەمەدی خاڵ لە ڕیفۆرمدا**

یەکەم: پەروەردەو گرنگیدان بە خێزان: یەکێك لە سیما و تایبەتمەندی قوتابخانەی ئیصڵاح گرنگی دانیان بوو بەلایەنی کۆمەڵایەتی، وە تەفسیری زانایانی ئەو قوتابخانەیە بە تەفسیری ئاراستەی کۆمەڵایەتی (مدرسة اللون الأدبي والاجتماعي) ناسراون گرنگیەکی زۆر دەدەن بە بوارەکانی ئەدەب و ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی و ڕزگارکردنی کۆمەڵگا لەکەلتووری کۆن وبەسەرچوو[45].

39 بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ، فەلسەفەی ئایینی ئیسلام، چاپی یەکەم ١٩٣٨، چاپخانەی ژیان، سلێمانی، ل٢-٣.
40- بڕوانە: محمد رشید رضا، تفسیر المنار، ج1 ص 165، بە دواوە
41- بۆ نمونە سەیری: جزمی 29 ی تەفسیری خاڵ بکە ل 6-7 وە ل 148-149. وە جزمی 30 ل 9-10.
42- بڕوانە: الشیخ محمد عبده، تفسیر جزء عم، الطبعة الثالثة، 1341هـ مطبعە مصر، القاهرة، ص128-129.
43- بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ، تەفسیری خاڵ، ج30 ل 186-187
44- سورة الفیل، الآیة:4.
45- بڕوانە: الدکتور محمد حسین الذهبي، التفسیر والمفسرون، م2ص401.

شێخی خاڵیش وەك كەسێكی قاڵبووی ناو ئەدەبیات و ڕۆشنبیری ئەو قوتابخانەیە دەتوانرێت تەفسیرەكەی بە تەفسیرێكی كۆمەڵایەتی ناو ببرێت، هیچ باس و مەسەلەیەكی كۆمەڵایەتی نیە لە ناو ئایەتەكانی قورئاندا كە خاڵ تەفسیری كردبێت و هەڵوێستەی لەسەر نەكردبێت، بە تایبەتی بابەتەكانی خێزان و پەروەردەكردنی مناڵ و گرنگیپێدانیان و پشتگوێ نەخستنیان[46].

خێزان وەك یەكەیەكی كۆمەڵایەتی بەردی بناغەی هەموو كۆمەڵگەیەكی مرۆییە، ئەگەر خێزانەكانی هەر كۆمەڵگەیەك بە شێوەیەكی ڕاست و تەندروست پەروەردەكران، ئەوا كۆمەڵگەیەكی تەندروست لەو خێزانانە پێك دێت، وە ئەگەر بە پێچەوانەوە بوو ئەوا زۆر زەحمەتە بتوانرێت ئەو تاكانە ڕیفۆرم بكرێن و كەسانی تەندروستیان لێدروست بكرێت، مامۆستا خاڵ وەك موفەسیرێك و كەسێكی ڕیفۆرمخواز، لە تەفسیری ئایەتی: [يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنْفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلَائِكَةٌ غِلَاظٌ شِدَادٌ لَا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ][47] ، دەفەرموێت: (بەڕاستی خێزان بەردی بناغەی كۆمەڵەو گەلە، واتە گەل لە یەكەیەكەی خێزان دروست ئەبێ، ئنجا ئەگەر خێزانەكان خاوەن بیروباوەڕو ڕەووشت و خووی بەرزو جوان بن، ئەوا ئەوگەلەش بەرزو بڵندو یەك بیرو یەك ئامانج ئەبێ، وە ئەگەر وانەبوو وانابێ.

تاقە خێزانێك وەك قەڵایەك وایە بۆ گەل، قەڵا پێویستە قایم و بە تین بێ، هەموو مرۆڤێك لەو قەڵایەدا ئەبێ وەك پاسەوانێكی چەك بە دەست وابێ، كە لە كەلێنێكیا وێستابێ، وە ڕێ نەدا بە مەردومی ناپاك كە لێی بچێتە ژوورەوە، ئەگینا زۆر بە ئاسانی هەموو ناپاكێك ئەتوانێ هێرش بەرێتە ژوورەوە، وە قەڵاكە بگرێ. لەناو هەموو ماڵ خێزانێكا، ئەوەندەی باوكی موسڵمان پێویستە، ئەوەندەش دایكی موسڵمان پێویستە، تا بەهەردووكیان چاودێری كوڕو كچی ماڵەكەیان بكەن)[48].

لێرەدا شێخی خاڵ هەستی بەگرنگی پێگەی گەورەی خێزان كردوە لە كۆمەڵگەداو وە بەقەڵای بەهێزی مانەوەو لەسەر پێی خۆ ڕاوەستانی كۆمەڵگەی بەستوەتەوە بە خێزانەوە، هەر خێزانە دەتوانێت تاكی ڕەوشت بەرزو بیروباوەڕ جوان پێشكەش بە كۆمەڵگە بكات، واتە هەر كاتێك خێزانەكان ئیصلاح كران بەئاسانی لەو تاكانە كۆمەڵێكی بەرز دێتە بەرهەم، مانەوەی كۆمەڵی چاكەخواز بەپرسیاریەتی هەموو تاكەكانی ئەو كۆمەڵە، وە گرنگی باوك و دایكی سەركەوتوو لە پەروەردەكردن و ڕێپیشاندانی نەوەكانیاندا مەرجی یەكەمی سەركەوتنی خێزانە.

خاڵ لە نوسینێكیدا لە ژێر سەرباسی (كۆشی دایك) كە مەبەستی چوارچێوەی خێزانە دەڵێت: كۆشی دایك یەكەمین قوتابخانەیەكە بۆ مناڵ كە چاوی تیا ئەكاتەوە، وە لەوێدا فێری گڕوگاڵ دارە دارە ئەبێ و ئەكەوێتە سەرپێ، وە لەوێوە ئەبرێ بۆ قوتابخانەی دووهەم، وە لەوێشەوە ئەچێ بۆ مەیدانی كردو كۆشیی و هەوڵ و تەقەلاو خزمەتی گەل و نیشتمان.

ئینجا ئەگەر یەكەمین قوتابخانە كە باوەشی دایكە پڕبوو لە ڕەوشت خوی و بەرز و جوان، ئەوا ڕۆڵەو جگەگۆشەكانیش باش، وە خاوەنی ڕەوشت وخوی جوان ئەبن، وە ئەوكۆمەڵەی كە لەم لاوانە پەیدا ئەبن، كۆمەڵێكی ڕێك و پێك و بەرزو سەربەست و سەرفراز، وە هەمیشە بەسەر چڵەپۆپەی ژیانەوە وەك بولبولی هەزاران داستان گۆیا دەبن، وە ناوبردنیان هەزاران دڵی نەبەرد دائەچڵەكێ و ڕائەچنێ[49].

لێرەدا خاڵ باس گرنگی و بایەخی خێزان و دایك هۆشیار دەكات لە پێگەیاندن و پەروەردە كردنی مناڵی ئەمڕۆ پیاوانی سبەنێ، وە شێخی خاڵ بەڕاشكاوی باس لەوە دەكات كە هەر دایكان و خێزانەكانن دەتوانن بەردی بناغەی كۆمەڵی تەندروست و هەر لەوێوە دەبێت كۆمەڵ ئیصلاح بكرێت و بەرەو باشترو ژیانێكی سەربەرزانە ئاراستە بكرێت.

دووەم: زانست و ڕۆشنبیری: وتەزای كۆمەڵگە ئیصلاح دەكەین بۆ ئەوەی پرۆگرامی خوێندن ئیصلاح بێت، یان پرۆسەی پەروەردە ئیصلاح دەكەین هەتا كۆمەڵگە ئیصلاح بێت، هەتا ئێستا مشتومڕێكی زۆری لەسەرەو یەكلانەبوەتەوە كامیان لە پێشترن، فەیلەسوفی یۆنانی (ئەفلاتۆن) كاتێك سەیری باری نالەباری كۆمەڵگەكەی دەكات كە لە چ گوزەرانێكدایە بیر لەوە دەكاتەوە كەهۆی چیە كە تووشی ئەو بارە خراپە بوون، دوایی بیركردنەوەیەكی زۆر دێتە سەر ئەوەی نەبوونی دادگەرییە كە كۆمەڵگەكەیانی بەو دەردە بردوە، جا بۆ ئەوەی ئیصلاحی كۆمەڵگا بكات بیر لەوە دەكاتەوە كە تەنها لەڕێگای پەروەردەوە فێركردنەوە دەتوانرێت ئیصلاح بكرێت، بۆیە دروشمی(بۆ ئەوەی ئیصلاحی كۆمەڵگا بكەین و گەشەی پێبدەین دەبێت ئیصلاحی سیستەمی پەروەردەو فێركردن بكەین)، بەڵام ئایا دەكرێت لە كۆمەڵگەیەكی پاشكەوتوودا سیستەمێكی پەروەردەو فێركردنی باش هەبێت؟ لێرەدا دوو هاوكێشە هەیە: بۆ ئەوەی ئیصلاحی كۆمەڵگە بكەین دەبێت سیستەمی پەروەردە ئیصلاح بكەین، یان بە پێچەوانەوە بۆ ئەوەی ئیصلاحی سیستەمی پەروەردە بكەین دەبێت ئیصلاحی كۆمەڵگە بكەین، ئەم دوو بۆچوونە هەردووكیان لایەنگریان هەیە، بەڵام ناكرێت كۆمەڵگە

46- بڕوانە: د.ئاراس محمد صالح، زانایانی ئیصلاح و نوێكردنەوەی ئایینی لە كوردستان، چاپی یەكەم٢٠١٨، ناوەندی سارا- سلێمانی، ل١٩٢ بەدواوە.

47- سورة التحريم، الآية:6.

48- شێخ محەمەدی خاڵ، تەفسیری خاڵ، ج 28، ل 128.

49- بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ، ناڵەی دەروون، ل94.

بگۆڕێت لە ڕێگای سەپاندن و زۆر لێکردن و قانون دانانەوە، ئەوەی مرۆڤ دەگۆڕێت تەنها مرۆڤە، مرۆڤە دەتوانێت گەشە بە تواناو هێزی مرۆڤ بدات، وە ناکرێت گەشە بەتواناکانی تاکەکانی کۆمەڵگە بدرێت بە کەسانی دواکەوتوو نەزان و سەرەتایی و عەقڵ خورافی[50].

شێخی خاڵ وەك هەوادارێکی شێخ محەمەد عەبدە لەگەڵ ئەوەدایە کە دەبێت سیستمی خوێندن و پەروەردە چاك بکەین، هەتا بتوانین کۆمەڵگە لەو ڕێگەیەوە ئیصلاح بکەین، وە لە ڕۆژگاری مامۆستای خاڵدا کوردستان وکۆمەڵی کوردەواری تەواو گیرۆدەی دەردی نەزانی ونەخوێندەواری بوو بوو، ڕێژەی نەخوێندەواری زۆر بەرزبووە، کۆمەڵگە لە هەموو ڕووەکانی ژیانەوە تەواو دواکەوتوو بووە، بۆیە شێخی خاڵ هەمووکات ویستوویەتی لەڕێگەی خامەکەیەوە گەلەکەی هۆشیاربکاتەوەو بەردەوام بەنووسین بانگی کردوون بۆخوێندن وخوێندەواری وە چەندین گوتاری لەم بوارەدا نووسیوەو بەردەوام لە تەفسیرەکەشیدا هەرئایەتێك باسی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی کردبێت نووسەر ئەو دەرفەتەی قۆستەوەتەوە و بەزمانێکی شیرین و گرێدراو بە قورئانەوە بانگی گەلەکەی دەکات و داوای گۆڕان ئیصلاحی کۆمەڵایەتیان لێدەکات، لە تەفسیری ئایەتی: [ن وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ][51] دەفەرموێت: (هەروەخت بتەوێ لەگەورەیی و بەرزی گەلێك بگەیت، وەرە تەماشای نووسین و نوسراوی ئەو گەلە بکە، تا ئەمانەی زۆربێ، ئەوە نیشانەی بەرزییەتی، وەتا ئەمانەی کەمتربێ، ئەوە نیشانەی پەستی و نزمیەتی، چونکە بەڕاستی هەر نووسین و نوسراوە، ترازووی قورسی و سوکی بەرزی نزمی گەلان، وە هەر نووسین نوسراوەکە پایەی گەلان بەرز دەکاتەوە ، وەهەر نووسین ونوسراوە گەلان ئەباتە ڕیزی پێشەوە، وە لە گەڵ گەلانی زیندووی خوا پێداوا، ڕاستیان ئەکاتەوە)[52].

(خوای گەورە سوێندی خوارد بە قەڵەم و مەرەکەب و نووسین بۆ ئەوەی دەرگای خوێندن و خوێندەواری و نووسین بکاتەوە لە ئادەمی، وە هانە هانەیان بدات لەسەری، وە نیشانیان بدات کە ئەمانە مایەی ژیانی گەلن، وە پەیژەی سەرکەوتنن بۆ سەر لوتکەی خۆشی و کامەرانی)[53].

خاڵ لە نووسنێکدا ڕەخنە لەو بەناو خوێندەوارانە دەگرێت و داوای ئیصلاح بوونیان دەکات و دەڵێت: (خوێندەوار ئەو زانا بەرزانەن کە بە زانین و خوێندەواریان وەك ڕۆژ درەخشان و وەك مانگ پەخشان بێت، وە لەگەڵ هەڵات لە ئاسۆی ژیری و بیری بەرزی ئەو زانایانەوە، بە جارێك مێشك و دڵ و دەروونی گەلەکەمان ڕوناك بکاتەوە بە ڕەنگێکی وەها کە هەموو لایەکیان چاکی و سوود و زیانی دین یان دنیای بۆ ڕوناك بکاتەوە، وە مەبەست لە مامۆستاو خوێندەوار ئەوانەن کە بەکرداری ڕەنگینی خۆیان، ئەندامی پەراگەندەی کۆمەڵ بنوسێنن بەیەکەوە، وە بە گوفتاری شیرینی دڵی دڵ مردوان زیندوو، وە برینی دڵ بریندااران چاك بکەنەوە، وە بە ڕەوشت و خوی بەرزیان ڕێگای خۆشی و خۆش بەختی کۆمەڵە ڕووناك، وە بەپەندو ئامۆژگاریی جوانیان دەروونی چڵکنی پیسیان پاك بکەنەوە.

مەبەست لە خوێندەواری کۆمەڵ ئەمانەن، نەك ئەو پێشەوایانەی کە لە ژێر خێوەتی خورافات و پروپووچا چوارمەشقی لێی دانیشتوون، وە بە شتی پڕوپوچەوە خەریکن، یان وەك کوندەپەپوو لە گۆشەیەکی تاریك و نوتوکەو وێرانا بووسە ئەخۆن، وە ناوبەناو های و هووی و گرمەو نرکەیەك لە سنگیانەوە دێت، وە بە نەمانی جیهان و وێران بوونی ئاسمان و زەوی موژدە ئەدەن، خۆیان کوێرن کەچی ئەیانەوێ ببن بە چاوساغی کۆمەڵ، خۆیان گومڕان کەچی بە ڕەهبەر خۆیان ئەدەنە قەڵەم)[54].

لێرەدا شێخی خاڵ وەك پسپۆڕێکی کۆمەڵایەتی دەیەوێت گەلەکەی لەنادانی هۆشیار بکاتەوە دەرگای زانست خوێندەواریان بۆ واڵا بکات و لەوێوە لەدەردی نەزانی و دواکەوتووی ڕزگاریان بکات، وە بڕوای وایە کە مامۆستا و زانای بیرکراوەو ڕۆشنگەر دەتوانێت باری نالەباری کۆمەڵ بگۆڕێت و لە دەردی نەزانی و دواکەوتووی ڕزگاریان بکات، نەك کەسانی تاریك بیرو خورافی.

(ئاشکرایە کە نووسیین تین و تەوژمێکی ئێجگار زۆری هەیە لە سەر بیروباوەڕو ئارەزووی مەردوم، زۆر خاوەن قەڵەم بەهۆی نووسیینەوە سەرکەوتوون لە وەرگێرانی ڕژێمی گەلان و گۆڕینی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەو جۆرەی ویستوویانە...ئەمڕۆ کتێب و نووسین یەکەمین هۆن بۆ پەروەردەکردنی گشتی، وە یەکەمین هۆن بۆ بێدارکردنەوەی هۆش و هەست، وە ئەگەر خواستی خوای

50- ينظر: أ.د.سعيد اسماعيل على، أعلام التربية فى الحضارة الإسلامية، الطبعة الأولى 1430هـ2009م، دار السلام، القاهرة، ص125-126.

51 - سورة القلم، الآية: 1.

52- شێخ محەمەدی خاڵ، تەفسیری خاڵ، ج 29، ل19-20.

53- شێخ محەمەدی خاڵ، تەفسیری خاڵ، ج29 ل 46

54- شێخ محەمەدی خاڵ، ناڵەی دەروون، ل65-66.

لەسەربوو ئەوا كۆمەڵێك لە خاوەن قەڵەمان ئەنێرێ بۆ گەلێك، وە ئەیانكات بە پێشڕەویان، وە پێشیان ئەكەون تا ئەیانبەن بۆ سەرچاوەی بەختیاری و كامەرانی لە هەردوو جیهانا)[55].

بۆ ئەوەی نەبوونی هەژاری نەبێتە هۆی پەكخستنی پرۆسەی خوێندن شێخی خاڵ داوا دەكات دەوڵەت یان دەوڵەمەندان هاوكاری پرۆسەی خوێندن و قوتابیان بكەن، وە لەتەفسیر ئایەتی: [الَّذِينَ يُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ سِرًّا وَعَلَانِيَةً فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ][56]، دەڵێت: (ئەم ئایەتە هەرچەند لە بابەت چەند كەسێكی تایبەتەوە فەرموراوە، بەڵام دەقەكەی گشتیەو بۆ ئەهلی (صفة) كەسانی تری وەك ئەوانیش دەبێت، وە ئەوانەی كە دەخوێنن و توانای كاركردن و بژێوی پەیداكردنیان نییە، دەبێت دەوڵەوت و دەوڵەمەندان بەخێویان بكەن، وە بەهۆی هاوكاری یارمەتی دارایی دەوڵەوت و دەوڵەمەندانەوە بووە جیهانی ئیسلامی هەزاران زانای گەورەی تیا هەڵكەوتووە)[57].

چوارەم: ئازاد كردنی عەقڵ و بیری مرۆڤ لە تەقلید و خورافە: زانایانی ئیصلاح گرنگی زۆر دەدەن بە عەقڵ و بەكارهێنانی بۆ دۆزینەوەی نهێنیەكانی گەردوون، عەقڵ وژیری مرۆڤ ئاوەزو ژیری توانای زریان هەیە بۆ پەیبردن بە نهێنیەكانی دروستكراوانی خواو بەرەو پێشبردنی مرۆڤ، لە ڕۆژگاری شێخی خاڵدا بیری مادیەت هەژموونی هەبووە ئەمیش وەك بەرگریكارێك لەسەنگەری بەرگریدا بیروداهێنانی خۆی دارشتووە كەزۆرجار لەوانەیە وەك پەرچەكرداركاری كردبێت، بۆنمونەلەتەفسیری ئایەتی: [وَالْمَلَكُ عَلَى أَرْجَائِهَا وَيَحْمِلُ عَرْشَ رَبِّكَ فَوْقَهُمْ يَوْمَئِذٍ ثَمَانِيَةٌ][58] شێخ دەڵێت: مەبەست لە عەرش گەورەیی ودەسەڵات ودەست ڕۆینە، وەئەم ئایەتە نمونە هێنان(تمثیل) بۆ باسی گەورەیی ودەسەڵاتی خوا لە ڕۆژی دوایدا[59].

لێرەدا شێخ هێندە دەسەڵاتی عەقڵی ڕەهاكردوە هەوڵی داوە مانای ئایەتەكە لە(ظاهر) زاهیری خۆی لابدات وتەئویلێكی دووری بۆبكات، كە ئەمەش لای زانایانی تەفسیر قبوڵ نیەو بە تەحریف ناوی دەبەن، باشە ئەگەر مەبەست لەعەرش دەسەڵات بێت ودەسەڵاتیش شتێكی مەعنەویە و بەرجەستە نییە بۆچی خوای گەورە باس لەهەڵگرتنی دەكات [ وَيَحْمِلُ عَرْشَ رَبِّكَ] بێگومان لێرەدا عەقڵ ڕێگەی تێرامانی نامێنێت ویەكێكە لەو مەسەلە عەقیدەییانەی دەگێڕرێتەوە بۆلای خوا چۆنیەتیەكەی وە بە (الأمر التفویضي) زانایان ناوزەدی دەكەن.

هەروەها لەسەرەتای سورەتی (الجن) دا شێخی خاڵ دێت لەڕێگەی عەقڵەوە بەشێوازێكی لۆژیكی مرۆڤ دەدوێنێت وباس لەوە دەكات بەشێوەیەكی قەناعەت بەبەرامبەرەكەی بكات كە جیهانی جنۆكە هەیەو عەقڵی مرۆڤ وەری دەگرێت جیهانێكی گیاندار هەبێت خوا لەئاگر دروستی كردبێت ئێمە بەچاو نەیبینین. وەدەڵێت: (خوا گەلێ جۆرە گیانداری هەیە، هەندێكیان بەهەوا ئەژین، لەگەڵ لە ئاوا نقوم بوون ئەخنكێن، هێندێكیان لە ئاوا ئەژین لەگەڵ لە ئاو هاتنە دەرەوە ئەمرن، ئنجا هەروەك ئەمانە هەیە با جۆرە گیاندارێكیش ببێ لە ئاگر دروستكرابێ، وە ئێمە نەیبینین، وە هەرچیش ئێمە نەیبینین مانای وانییە كە نییە، چونكە ئەو گیانەی كە لە بەرمانایە، وەلە هەمووشت نزیكترە لێمان، نە بەچاو ئەیبینین، نە بەلووت بۆنی ئەكەین، نە بە بەگوێ ئەیبیستین، نە بەدەست دەستمان بەری ئەكەوێ، نە بەدەم تامی ئەكەین، كەچی بێگومانیشین كە هەیە، كەوابوو با فریشتەو جنۆكەش شتێك بن وا)[60].

باسی پێنجەم: گەشەپێدانی ئابوری: لایەنی ئابوری گرنگی و ڕۆڵی تایبەتی هەیە لە باشتركردن و بەرەو پێشبردنی ئاستی ژیان و گوزەرانی تاك و كۆمەڵدا، ئەگەر ئاستی ئابوری وڵاتێك باش بوو ئەوا ئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵكەكە باشە و توانای بەرەو پێشچوونی هەیە، وە ئەگەرنا بە پێچەوانەوە هاوكێشەكە ڕاستە، هەموو گەشەپێدان و چاكسازیەك بەندە بە ئاست و توانای ئابوریەوە، وە ناكرێت چاكسازی لە وڵاتێكدا بكرێت كە باری ئابوری لاوازو داڕوخاو بێت، شێخی خاڵ زۆر باش لە گرنگی و پێگەی ئابوری تێگەیشتوەو ئاگاداری باری نالەباری ئابوری گەلەكەی بووە كە لە چ تەنگەژەو قەیرانێكدایە ، وە سەیری كوردستانی كردوە كە خاك و چیاو ئاوی گەوهەرە و خوای گەورە هەموو نازو نیعمەتێكی پێبەخشیوە.

بەڵام بەهۆی نەزانی و دواكەوتووی خەڵكەكەیەوە نەیانتوانیوە سودی لێوەربگرن و بۆ خۆشگوزەرانی خۆیان دەستەبەری بكەن، وە شێخی خاڵ پەیوەستیەكی زۆر جوانی لە نێوان ئایەتەكان و گرێدانی بە واقعی گوزەرانی میلەتەكەیەوە كردوە، وە تەفسیری هەر ئایەتێكی كردبێت كە هانی مرۆڤ دەدات بۆ دەستەبەركردنی ئاسمان و زەوی بۆ ئاوەدانكردنەوەی ژیان و سەر زەوی گرێیداوە بە

55- شێخ محەمەدی خاڵ، گۆڤاری كۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی كورد، بەرگی پازدەهەم 1986، باسێك لە ژێر ناوی (دەستنووسی كۆن وتازەو هێندێ لە نامەخانەكان)، ل 4-5.

56- سوره البقره، الأیه:274.

57- شێخ محەمەدی خاڵ، تەفسیری خاڵ، ج3 ل44-45.

58- سورة الحاقة، الآیة: 17.

59- سەیری هەمان سەرچاوە، ل92-93. خاڵ لێرەدا ئاماژە بەتەفسیری القاسمی دەكات وئەم باسەی لەو وەرگرتووەو هەمان ڕێچكەی ئەوی گرتووە، كە یەكێكە لە زانایانی قوتابخانەی ئیصلاح.

60- شێخ محەمەدی خاڵ، تەفسیری خاڵ، ج29، ل163.

واقعی کۆمەڵگای کوردەواریەوە، بۆ نمونە لەتەفسیری ئایەتی: [هُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ ذَلُولًا فَامْشُوا فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُوا مِنْ رِزْقِهِ وَإِلَيْهِ النُّشُورُ][61]، دەفەرموێت: (بەڕاستی ئەم زەوی و زار و ئەرزوئاوەی کە خوا پێی داوین، هەر گەلی زیندووی خوا پێداو ئەزانێ بەهرەی لێوەرگرێ، بچۆ بەخاکیانا بگەڕێ هەمووی باخ وباخات وداروەرمختە دەغڵ ودان وڕەزە و سەبزە و جەنگەڵستان و لەوەڕە، لە هەموو لایەکەوە ڕێگاو شەقام و ئوتومبێل وشەمەمەندەفەرو ئەلەکتریك و چراخانە، هەرشاخەو کون کراوە، هەر ماهی زەردەو قەدبڕ کراوە، هەرتەپەو گردە وتەخت کراوە، هەرچاڵ و چۆڵەو پڕکراوەتەوە، لەپاشا چوونە ژێردەریا و هەمووی بینرا، ئنجا کەوتنە حەواو هەمووی پێورا، هەموو سەر زەوی وەك تانوپۆ بەخەتی ئاسن تەنرا، هەر شەمەندەفەرە و وەك ڕەشمار بەشاخا هەڵ ئەگەڕێ، یا بەناو جەرگیا هاتوو چۆئەکات و دائەگەڕێ، هەر فڕۆکەیە و بەئاسمانا ویزەی دێ، هەر کەشتیەو بەسەردەریادا هاژەی دێ. نهێنی سروشتیان دۆزیەوە، دەستوورو باوی مادەیان کۆڵیەوە، هەرچی گژوگیا هەیە هەمووی لەیەك جیاکرایەوە، زۆربەی گیان لەبەران ڕام و کەوی کران، هەرچی کان هەیە هەمووی توێنرایەوەو داڕێژرا، ئەی موسڵمانی نوستوو تاکەی خەبەرت نابێتەوە، تاکەی بەتەمەڵی و تەوەزەلی ئەمێنیتەوە، تاکەی سواڵکەری، تاکەی ڕووتی و ڕەجاڵی، تاکەی نەخۆشی و برسێتی، تاکەی نەخوێندەواری و نادانی، تاکەی پیسی و پۆخڵی، تاکەی چڵکنی وکۆڵنی، تاکەی پروپوچ پەرستی، ئیتر بەسە، ئاوڕێك لە قورئانەکەت بدەرەوەو نەختێك لێی وورد بەرەوەو، بزانە چی ئەفەرموێ، بەقسەی بکەو لە فەرموودەی دەرمەچۆ، سا بەڵکو خوا ئاوڕێکت لێ بداتەوە)[62].

مامۆستا خاڵ لێرەدا کەسەیری باری ژیان وئاستی کۆمەڵایەتی موسڵمانان دەکات بەم شێوە دواکەوتووە لەهەموو ڕوەکانی ژیانەوە و سەیری هاندانە قورئانیەکە دەکات بۆ ئاوەدان کردنەوەی ژیان وسەرزەوی لەڕووی پرسیارو بێزاریەوە ڕوو لە گەلەکەی دەکات وئەم هەموو پرسیارەیان ئاراستە دەکات هەتا بێداریان بکاتەوە و وە هەندێك جار ئەم دواکەوتوویە بەرگی ئاینی لە بەرکراوە، بۆیە داوا دەکات موسڵمان لە قورئانەکەی وورد بێتەوە لێیرامێنێت و بزانێت قورئان کەسی ناهۆشیار و بێئاگای ناوێت، بەڵکو قورئان بانگەواز بۆ گەلێك دەکات کە بتوانێ سەر زەوی ئاوەدان بکاتەوە.

باسی پێنجەم: گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی ڕەسەنی ئیسلام: بە دوور کەوتنەی خەڵکی لە سەرچاوەی ئاینەکەیان بە تێپەڕینی کات، شتی ناڕاست و دوور لە جەوهەری ئاین و پروپووچ تێکەڵ یە ئاینداریان ئەبێ، وە بەشی زۆری مەردوم ئەو پروپووچانەیان لێ دەبێت بە دین، وە بەدەم و دەست پارێزگارییان لێ دەکەن، وە خاڵ بڕوای وایە دواکەوتنی ئەمڕی موسڵمانان بە هۆی دووریانەوەیە لە قورئان، وە پێشکەوتن و دروستکردنی گەورەترینی شارستانی لە سەرەتای بانگەوازی ئیسلامیدا بە هۆی نزیکی و دەستگرتنی موسڵمانەکانەوە بووە بە قورئانەوە ، وە خاڵ بڕوای وایە کە ئەم پێشکەوتن و شارستانیەتەی ئەمڕۆ جیهانی ڕۆژئاوا بنیاتی ناوە ئەگەر پێغەمبەرو قورئان نەبوایە کە دەرگای سەربەستی ژیریی و بیرو زانینی کردەوە، ئەم شارستانیەتە نەدەبوو، وە لەوانەیە پاش هەزاران ساڵی تر دەربکەوتایە[63].

لە ئایەتێکدا قورئان دەفەرموێت: [وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ اتَّبِعُوا مَا أَنْزَلَ اللَّهُ قَالُوا بَلْ نَتَّبِعُ مَا أَلْفَيْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ شَيْئًا وَلَا يَهْتَدُونَ][64] (ئەگەر پێیان بوترێ پەیڕەوی ئەم قورئانە بکەن کە خوا ناردوویەتە خوارەوە، وە حەڵاڵ وحەرام لەو وەربگرن، ئەڵێن ئێمە دەخلمان بەسەر قورئانەوە نیە، وە تێی ناگەین، بەڵکو پەیڕەوی شتێك ئەکەین کە باوباپیرانمان لەسەری بوون، قورئان قسەکەیان ئەباتە دواوەو ئەفەرموێ: ئایا چاویان لێئەکەن، باوباپیرەکانیشیان لە هیچ نەگەیبن، وە گومڕابووبن، وەك واشە، واتە ئەم کەلەکۆنیە تاکەی، وە ئەم کۆنەپەرستیە بۆچی؟)[65].

خاڵ لە جێگەیەکی تردا باس لە گرنگی و کاریگەری پورتەوی قورئان دەکات لەسەر دڵ دەروونی موسڵمانان و وەك بارانی بەهاری دڵە مردوو ژەنگگرتوەکان زیندوو دەکاتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە هەتا دڵەکان دووربن لە قورئانەوە زیاتر تووشی ماندوو بوون و کزی دەبن، لە تەفسیری ئایەتی: [أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ آمَنُوا أَنْ تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ اللَّهِ وَمَا نَزَلَ مِنَ الْحَقِّ وَلَا يَكُونُوا كَالَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلُ فَطَالَ عَلَيْهِمُ الْأَمَدُ فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَكَثِيرٌ مِنْهُمْ فَاسِقُونَ][66] واتە: بۆ ئەوەی ئێوەش وەك گاورو جولەکەکانتان لێ نەیەت کە دینتان لە بیر بچێتەوە، هەمیشە دەوری قورئان بکەنەوە، وە گوێی لێبگرن و بیری لێ بکەنەوە، چونکە قورئان بەهاری بیروباوەڕە، واتە بیروباوەڕ تازەدەکاتەوە، وەك زەویەك کە بارانی لێنەبارێنێ، چۆن کە بارانی لێباری تازە ئەبێتەوە، وە گوڵ و گوڵزار و لالەزاری لێ شین ئەبێ، قورئانیش بۆ دڵی مردوو وایە، لێرەدا خوای گەورە ئامۆژگاری هاوڕێکانی پێغەمبەر(د.خ)

61- سوره الملك، الآية:15.
62- شێخ محەممەدی خاڵ، تەفسیری خاڵ، جزمی 29، ص19-20.
63- بڕوانە: شێخ محەممەدی خاڵ، تەفسیری خاڵ، ج29 ل110. - بڕوانە: شێخ محەممەدی خاڵ، تەفسیری خاڵ، ج29 ل110.
64- سورة البقرة، الآیە:170.
65- بڕوانە: شێخ محەممەدی حاڵ، تەفسیری خاڵ، ج 2ل 36-37.
66- سورة الحدید، الآیە:16.

دەکات و پێیان دەفەرموێت: ئێوە هیمەت و ئیرادەتان کزبووە، لە کاتێکا پێغەمبەر لە ژیانا بووە لەناو هاوەڵەکانیدا، وە ئێستا کە چەند سەدەیەك تێپەڕی بێت دەبێت موسڵمانان چەندە پێویست بن بە دەمەزرد کردنەوەی بیروباوەڕیان و تازەکردنەوەی ئیمان و بڕوایان بە نوری قورئان و بە خوێندنەوەی قورئان)[67].

**کۆتـایـی توێژینەوە**

قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا دەرکەتووە، ئەم قوتابخانەیەو مامۆستاکانی داوای ڕیفۆرم و چاکسازیان کردووە لە ڕەوشی ئاینی و باردۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە جیهانی ئیسلامیدا، زاناکانی ئەم قوتابخانەیە نووسین و بڵاوکراوەی تایبەتیان هەبووەو لەو ڕێگایانەوە دیدوبۆچوون و بیرکردنەوەی خۆیان بڵاوکردووەتەوە، بەهۆی نووسینەکانیانەوە لە زۆرێک لە جیهانی ئیسلامیدا هەوادارو شوێنکەوتوویان بۆ پەیدابووە.

لە کوردستانیشدا زانایانی وەکو مەلای گەورەی کۆیەو شێخ محەمەدی خاڵ کاریگەر بوون بە بیری قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی، مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ لە سییەکانی سەدەی بیستەمەوە لە ڕیگەی تەفسیرەکەیەوە داوای چاکسازی کردووە، لە زۆرێک لە نووسینەکانیدا ڕەخنەی لە دۆخی کۆمەڵایەتی و رەوشی ئاینی و زۆر بواری تری ژیانی گشتی گرتووەو داوای باشترکردن و گۆڕانی کردووە.

ڕێبازی خاڵ لە ڕیفۆرمدا بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکانی ئیسلام بووە، هەروەها گرنگیدان بە خێزان و پەروەردەو خوێندن و زانست و بایەخدان بە ژیری و دوورکەوتنەوە لە خوارفەو شتی بێبنەما لە گرنگترین ئەو کەناڵانە بوون کە بەلای شێخی خاڵەوە گرنگ بوون، پێویستە بایەخی زۆریان پێبدرێت و چاکسازی ڕیفۆرمیان تێدا بکرێت.

بەشێوەیەکی ڕوون هەموو بۆچوونە فکریەکانی قوتابخانەی ڕیفۆرمی ئیسلامی لە ناو تەفسیری خاڵ و بەرهەمەکانی تری شێخ محەمەدی خاڵدا ڕەنگدانەوەی زۆریان هەیە، بەلای خاڵەوە بۆ ئەو قۆناغەی کۆمەڵی کوردەواری دیدوبۆچوونەکانی ئەو قوتابخانە فکریە گرنگ و پێویست بوون.


**سەرچاوەکان کوردیەکان**

**القرآن الكريم.**

1/ ئاراس محمد صالح، دکتۆر، زانایانی ئیصڵاح و نوێکردنەوەی ئایینی لە کوردستان، چاپی یەکەم٢٠١٨، ناوەندی سارا- سلێمانی.

2/ محەمەدی خاڵ، شێخ، فەلسەفەی ئاینی ئیسلام، چاپی یەکەم1938، چاپخانەی ژیان- سلێمانی.

3/ محەمەدی خاڵ، شێخ، تەفسیری خاڵ، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئۆفسێتی سەرکەوتن، 1986، سلێمانی، جزمی سیهەم.

4/ محەمەدی خاڵ، شێخ، تەفسیری خاڵ، چاپی یەکەم 1389ك 1969ز، چاپخانەی ئەسعەد- بغداد، جزمی یەکەم.

6/ محەمەدی خاڵ، شێخ، تەفسیری خاڵ، چاپی یەکەم 1391ك 1972ز، چاپخانەی کامەرانی- سلێمانی، جزمی دووەم.

7/ محەمەدی خاڵ، شێخ، تەفسیری خاڵ، چاپی یەکەم 1402ك 1981ز، چاپخانەی زاکۆی صلاح الدین، هەولێر، جزمی بیست و هەشتەم.

8/ محەمەدی خاڵ، شێخ، تەفسیری خاڵ، چاپی یەکەم 1404ك 1984ز، چاپخانەی نەورەس- سلێمانی، جزمی سێهەم.

9/ محەمەدی خاڵ، شێخ، تەفسیری خاڵ، چاپی یەکەم 1411ك 1990ز، چاپخانەی (الحوادث) بغداد، جزمی بیست و حەوتەم.

10/ محەمەدی خاڵ، شێخ، تەفسیری خاڵ، چاپی یەکەم، 1986چاپخانەی (الحوادث، بغداد، جزمی بیست و نۆهەم.

11/ محەمەدی خاڵ، شێخ، ناڵەی دەروون، چاپی یەکەم 2007 ز، چاپخانەی دەزگای ئاراس- هەولێر.

مومتاز حەیدەری، مەلای گەورە، چاپی دووەم 2009ز، هەولێر.

12/ : شێخ محەمەدی خاڵ، فەلسەفەی ئایینی ئیسلام، چاپی یەکەم ١٩٣٨، چاپخانەی ژیان، سلێمانی.

**سەرچاوە عەرەبیەکان**

13/ جواد فقي علي الچوم حيدري، الدكتور، محمد بن عبدالله الجلي(مەلای گەورەی کۆیە) وجهوده العلمية، الطبعة الاولى 1427هـ 2006م، مكتب التفسير، أربيل.

14/ خيرالدين الزركلي، الأعلام قاموس تراجم لاشهر الرجال والنساء من العرب والمستعربين والمستشرقين، الطبعة السابعة 1986، دار العلم للملايين، بيروت.


67- بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ، تەفسیری خاڵ، ج 27 ل 228-229.

15/ سعيد إسماعيل علي، الدكتور، أعلام التربية في الحضارة الإسلامية، الطبعة الأولى 1430هـ 2009م، دار السلام، القاهرة.
16/ عبدالله الكرزام، الدكتور، الفكر المقاصدي في تفسير المنار، الطبعة الأولى 2017م، المعهد العالمي للفكر الاسلامي.
17/ عمر علي محمد، الشيخ محمد الخال مفسرا، الطبعة الاولى، 2005م، من مطبوعات وزارة الثقافة حكومة إقليم كوردستان، وفي الأصل رسالة علمية مقدمة الي كلية الشريعة والدراسات الإسلامية- جامعة صلاح الدين، لنيل شهادة الماجستير.
18/ فضل حسن عباس، الدكتور، التفسير والمفسرون أساسياته واتجاهاته ومناهجه في العصر الحديث، الطبعة الأولى 2016م، دار النفائس، عمان.
19/ فضل حسن عباس، الدكتور، المفسرون مدارسهم ومناهجهم، الطبعة الَاولي 1427هـ 2007م، دار النفائس- الأردن.
20/ فهد بن عبدالرحمن بن سليمان الرومي، الدكتور، اتجاهات التفسير في القرن الرابع عشر، الطبعة الرابعة 1423هـ 2002م، دار الرشد- الرياض، السعودية.
21/ فهد عبدالرحمن سليمان الرومي، الدكتور، اتجاهات التفسير في القن الرابع عشر، الطبعة الرابعة 2002م، مكتبة الروشد، السعودية.
22/ محسن عبدالحميد، الدكتور، جمال الدين الافغاني المصلح المفترى عليه، الطبعة الاولى 1403هـ 1983م، مؤسسة الرسالة، بيروت-لبنان.
23/ محمد ابراهيم شريف، الدكتور، اتجاهات التجديد في تفسير القرآن الكريم، الطبعة الاولة 1429هـ 2008م، دار السلام، القاهرة.
24/ محمد حسين الذهبي، الدكتور، التفسير والمفسرون، بدون عدد الطبع، 1426هـ 2005م، دار الحديث- القاهرة.
25/ محمد رشيد رضا، تفسير القرآن العظيم المشهور بتفسير المنار، تحقيق إبراهيم شمس الدين، الطبعة الأولى 1420هـ 1999م، دار الكتب العلمية، بيروت-لبنان.
26/ محمد عبده، الشيخ، تفسير جزء عم، الطبعة الثالثة، 1341هـ مطبعة مصر، القاهرة.
27/ محمد فاضل ابن عاشور، الشيخ، التفسير ورجاله، الطبعة الثانية 1997م.

**گۆڤارو رۆژنامەکان**

28/ ئاراس محەمەد صالح، دکتۆر، شێخ محەمەدی خاڵ ریفۆرمخوازێکی سەردەمەکەی خۆی، رۆژنامەی یەکگرتوو، ژ 598 رۆژی 2006/7/18 ، وە ژ599 رۆژی 2006/7/25 ، وە ژ600 رۆژی 2006/8/1 بکە.
29/ ئاراس محمد صالح، دکتۆر، شێخ محەمەدی خاڵ زانایەکی نوێخوازی سەردەمەکەی خۆی، گۆڤاری رامان، ژمارە 129 خولی سێیەم، ساڵی دوازدە، شوباتی 2008ز.
30/ کەمال رەئوف محەمەد، چەپکێ نامەی مێژوونووسێکی کورد، گۆڤاری کاروان، ژمارە 35 ئابی 1985ساڵی سێیەم.
31/ محەمەد صالح مەلا حەسەن، رۆڤار، بڵاوکەرەوەیەکی رۆشنبیریە دەزگای سەردەم دەریدەکات، شێخ محەمەدی خاڵ مونەوەرێکی گەورەو چراخانێکی زمانی کوردی، ژمارە 29، 2004/4/25.
32/ محەمەدی خاڵ، شێخ، گۆڤاری کۆری زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەرگی پازدەهەم 1986، باسێك لە ژێر ناوی (دەستنووسی کۆن وتازەو هێندێ لە نامەخانەکان).
33/ محەمەدی مەلا کەریم، مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ لە کۆری تازەکردنەوەی بیری موسڵمانەتیدا، گۆڤاری کۆری زانیاری عێراق- دەستەی کورد، بەرگی بیست و یەکەم و بیست و دووەم، 1990ز.

**ملخص البحث باللغة العربية:**
يتناول هذا البحث تأثيرات مدرسة الإصلاح الإسلامي على تفسير الشيخ محمد الخال محمد الخال، يقوم الباحث بتعريف مدرسة الإصلاح الإسلامي وبيان أهم معالم أفكارها ومنهجها في الإصلاح الإسلامي والتغيير الاجتماعي.
ويتطرق الى بيان تأثر الشيخ محمد الخال بأفكار مدرسة الإصلاح، وتأثيرات أفكار هذه المدرسة على مؤلفات الشيخ محمد الخال عامة وتفسير الخال خاصة، وفي المبحث الثالث يبين منهج الخال في الإصلاح الاجتماعي وتجديد الفكر الإسلامي، مع بيان أهم النتائج التي توصل اليها الباحث من خلال دراسته لتفسير الخال.

**Abstract:**
The impact of the Islamic reform school on Sheikh Muhammad Al-Khal's understanding of Al-Khal is the subject of this study. The researcher describes the Islamic reform school and outlines the main tenets of its approach to Islamic reform and social transformation in the first part.
The concepts of the reform school and their effect on Sheikh Muhammad Al-Khal's writings in general and Al-Khal's interpretation in particular are discussed in the second section. The final section highlights the key conclusions that the researcher came to after examining Al-Khal's interpretation and discusses Al-Khal's technique in social change and the rebirth of Islamic philosophy.

sjh@univsul.edu.iq